# شارستانیەتی سۆمەریەکان لە میزۆپۆتامیا




ئامادەکردن و نوسینی

ئەژین جمیل صالح

بەسەرپەرشتی

م. کەلسومە جەمیل عبدالواحد



٢٧١٦کوردی ٢٠١٦زاینی ١٤٣٧کۆچی

## پێشەکی

لە راستیدا دەتوانین بڵێین سۆمەریەکان بە یەکێك لە کۆنترین نەتەوەکانی عێراقی کۆن دادەنرێت کە نزیکەی ٣٠٠٠پ.ز، لەوێ ژیاون و نیشتەجێ بوونە، بۆیە شارستانیەتی سۆمەریەکان لە میزۆپۆتامیا گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە لە مێژووی کۆنی عێراقدا لە رووی سیاسی و ئابوری و شارستانی ... هتد، چونکە ئەو کات سۆمەریەکان لە رووی سیاسی و رێکخستنی کاروباری دەوڵەت سیستەمی دەوڵەتە شاریان پەیڕەو کردووە، هەروەها لە رووی ئابوری خەریکی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی بوونە، و لە لایەکی تریشەوە چەند داهێنانێکیان کردووە کە تا ئێستاش مرۆڤ سوودی لێ دەبینێت لە بواری هونەری بە گشتی وەکو نوسین و بیناسازی و مۆر و زەقوڕە و ... هتد.

لێرەدا هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ توێژینەوەکە گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە چونکە سۆمەریەکان هەندێ کاری تایبەتیان کردووە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ژیانی رۆژانەی خۆیان، و شارەزابوون لەو لایەنە شارستانیەتانە سوودێکی زۆری هەیە بۆ ژیانی ئێستای مرۆڤیش.

ئەم توێژینەوەیە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆی گرتۆتە خۆ، هەر تەوەرەیەکیش لە چەند باسێك پێکهاتووە.

لە تەوەری یەکەم باس سۆمەریەکان و سیستەمی سیاسییان دەکەین لە رووی رەگەزی سۆمەریەکان و گۆڕستانی شاهانە و سیستەمی دەوڵەتە شارەکان و هەروەها سەردەمی بنەماڵە سۆمەریەکان وەکو بنەماڵەی ( ئوری یەکەم و لەگەشی یەکەم و ئۆما ) دەکەین.

لە تەوەری دووەمی ئەم توێژینەوەیە باس لە چەند لایەنێکی ئابوری سۆمەریەکان دەکەین لە بواری ( کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی )کە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە.

لە تەوەری سێیەمدا گرنگی دراوە بە چەند لایەنێکی شارستانیەتی سۆمەریەکان لە بوارەکانی داهێنانی نوسین و مۆری لوولەیی و هونەری بیناسازی و زەقوڕە و هەروەها بیروباوەڕی ئایینی سۆمەریەکان.

هەروەها ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە هاتووەتە بەردەم توێژینەوەکە وەکو نەبوونی و کەمی سەرچاوە لەسەر مێژووی کۆن بە گشتی و مێژووی سۆمەریەکان بە تایبەتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێبە عەرەبیەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

ئەم توێژینەوەیە لە بەرئەنجامی پشت بەستن بە چەندین سەرچاوە و ژێدەری مێژوویی ئامادەکراوە، لێرەدا ئاماژە بە ژمارەیەکی کەمیان دەکەین لەوانە: کتێبی (مێژوو و شارستانیەتی میزوپۆتامیا) کە لە نووسینی (یوسف مەجید زادە)یە کە کتێبێکی گرنگە لە هەموو تەوەرەکان سوودمان لێ بینیوە، و کتێبی (مێژووی کۆنی رۆژهەلاتی نزیك) کە لەلایەن (کەلسومە جەمیل عبدالواحد) نووسراوە، ئەوەش بە هەمان شێوە زۆر بە وردی باس لە سۆمەریەکان و لایەنی شارستانیەتییان دەکات سوودێکی زۆری لێ وەرگیراوە لە هەموو تەوەرەکان بە گشتی، و هەروەها کتێبی (سۆمەریەکان ، مێژوویان – شارستانیەتیان – کۆتاییان) کە (عبدالخالد صابر) نووسەرەکەیەتی کە کتێبێکی تایبەتە بە سۆمەریەکان کەباس لە مێژوو و شارستانیەتیان و هەروەها کۆتاییان دەکات لەم توێژینەوەیەدا لە هەموو تەوەرەکان سوودی لێ بینراوە، و چەندین سەرچاوەی تر کە لە لیستی سەرچاوەکاندا هاتووە.

جێی سەرنجە هەوڵم داوە بە پەیڕەوکردنی رێبازی توێژینەوەی مێژوویی سیاسی توێژینەوەکە ئەنجام بدەم، ئەم توێژینەوەیەش بەدەر نیە لە کەم وکوڕی، سەرکەوتنیش لە خواوەیە .

## تەوەری یەکەم : سۆمەریەکان و سیستەمی سیاسییان

### باسی یەکەم : ڕەگەزی سۆمەریەکان

وشەی (( سۆمەری )) لە سومر ، یان بە دەربڕینێکی ڕاستتر ( شومەر ) ، لە ناوی بەشێکی کۆنی بەشی باشوری عێراقەوە وەرگیراوە کە لە دەقە بسماریەکان بە نیشانەی (( کی . ئین . گی )) دەردەکەوێت[١] .

سۆمەریەکان خاوەنی یەکەمین شارستانی و دەوڵەت و نوسراوەن ، هەربۆیە ناسینی سۆمەریەکان بە واتای ناسینی خۆمان و ڕۆژگاری ئەمڕۆمانە[٢] .

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی سۆمەریەکان وەك چەندین نەتەوەی تری ( دۆڵی دوو ڕووبار) [٣] و دەوروبەری بە تەواوی ڕوون نی یە ، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەو نەتەوانەی لە نوسراوەکانی دوای خۆیان بە جێیانهێشتووە باسی ڕەگ و ڕیشەی خۆیان نەکردووە ، نەتەوەی سۆمەر یەکێکە لەو نەتەوانەی کە بە تەواوی بنەچەی دیار نی یە[٤] .

توێژەران لە بارەی ڕەگەزی سۆمەریەکان گریمانە و بیروڕای جیاوازیان هەیە لەبەر هەبوونی هەندێ سیمای تا ڕادەیەك لەیەك نزیکن بۆیە وای لە زانایان کردووە لەگەڵ هەندێ نەتەوەکانی دەوروبەری بچوێنن[٥] ، گریمانەیەك باس لەوە دەکات مێژوونوسێکی تر بەلای وەهایە ئەمانە لە ڕەسەنی قەوقازین[٦] ، سۆمەریەکان لە پشت هەرێمەکانی قەوقاز یان دەریای ناوەڕاست هاتن بۆ ڕۆژ ئاوای ئێران[٧] ، سۆمەریەکان لەناو چیاکانی ئێرانەوە

---

(١) یوسف مەجید زادە : مێژوو و شارستانیەتی میزۆپۆتامیا ، و: سەمیر حوسێن ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠١٢ ، ب١ ، ل١٨٣ .

(٢) عبداللە ئۆج ئالان : لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیی دیموکراسیانە ، و: لوقمان عبداللە ، چاپخانەی گەنج ، ٢٠١٠ ، ب١ ، ل٢٥ .

(٣) دۆڵی دوو ڕووبار : مەبەست لێی هەبوونی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتە .

(٤) عبدالخالد صابر : سۆمەریەکان ( مێژوویان – شارستانەتیان – کۆتاییان ) ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل٢٥ .

(٥) کەلسومە جەمیل عبدالواحد : مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیك ، چ ٢ ، چاپخانەی نوسینگەی تەفسیر ، هەولێر ، ٢٠١٥ ، ل٢٩ .

(٦) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٢٩ .

(٧) کەلسومە جەمیل عبدالواحد : مێژووی کۆنی ... ، س.پ ، ل٢٩ .

بەهەر هۆیەك بێت كشاون بۆ عێراق بۆ پێدەشتی هاتوون[1] ، گریمانەیەكی تر باس لەوە دەكات سۆمەریەكان لە باكوری هندستان و بلوجستان و ئەفغانستان كۆچیان كردووە بۆ ڕۆژئاوای ئێران ماوەیەك لەو شوێنە ماونەتەوە دواتریش لە ڕێگەی كەنداوی عەرەب و دەریای عەرەب كۆچیان كردووە بۆ باشوری عێراق ، و گریمانەیەكی تر باس لەوە دەكات سۆمەریەكان دانیشتوانی ڕەسەنی عێراقن لەبەرزاییەكانی ڕۆژهەلاّتی دۆڵی دوو ڕووبار یان باكوری ڕۆژهەلاّت لە ڕێگەی ئەرمینیا و ئێران هاتونەتە ناوچەكە[2].

وەك زۆربەی توێژەران شوێنەوارناسان ئاماژەی پێدەكەن كە سۆمەریەكان ڕەسەنیان باكوری میزۆپۆتامیایە[3] ، بە بۆچوونی هەندێ لە توێژەران وای بۆ دەچن كەوا پێ دەچێ ڕەگەزی سۆمەریەكان دانیشتوانی هەرێمە چیاییەكانی ین بەتایبەتی د.احمد ئەمین سەلیم لە ( دراسات في تاريخ الشرق الادني القديم ) دەڵێ :" سۆمەریەكان دانیشتوانی باكوری عێراقن بەوەی ئەو نەتەوەیە سیمایەكی تایبەت بەخۆیان هەبووە وەك میللەتێكی شەڕكەر و جەنگاوەر بوونە ، كە لە ڕێگای جەنگەوە توانیویانە خۆیان بسەلمێنن و ببنە پێشەوا و سەرداری هەرێمەكە ، هەروەها شارەزا بوونە لە بەكارهێنانی بەرد بۆ هونەرەكانی هەڵكۆڵین ، زانینی پیشەی كانزاكاری بەتایبەتی مس پێش سەردەمی نووسین ، ئەمەش دیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم جۆرە ماددانە لە هەرێمەكانی باكور _ كوردستان بەردەست بووە[4].

پرۆفیسۆر تەها باقر ، پێمان دەڵێت : سۆمەریەكان یەكێكن لە كۆمەڵەكانی لە هەندێ نەتەوەی خۆجێی باكوری میزۆپۆتامیا كەوتونەتەوە ، لەخەرجی دێرینی پێش مێژوو ، ئەوان بەناوی تایبەتی خۆیان ناسراون كە (سۆمەریەكان )ە ، سۆمەریەكان هێمای

---

(١) ساڵح قەفتان : سێ لێكۆڵینەوەی مێژوویی ، چ١ ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل٣٦ .

(٢) كەلسومە جەمیل عبدالواحد : مێژووی كۆنی ... ، س.پ ، ل٢٩ –٣٠ .

(٣) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٥ .

(٤) كەلسومە جەمیل عبدالواحد : مێژووی كۆنی ... ، س.پ ، ل٣٠ .

تایبەتیان بۆ چیا بەکارهێنا بۆ دەربڕینی ئەو واتایەی کەوا ئەوان لە چیا جێگربوونە لە عێراق پێش کۆچکردنیان بۆ ناوچەی دەشتی نیشتەنی[١].

وێڕای ئەو بۆچوونانە شوێنەوارناسەکان تێبینی ئەوەیان کردووە کە لەسەر مۆرە لولەییەکانی سۆمەریەکان ، وێنەی درەختی کاژ ( سرو) و سنەوبەر هەیە و ئەم درەختانە لەباشوری عێراق ناڕوێن ، بەڵکو لە باکوری عێراق زۆر بەرچاو دەکەون ، هەروەها لەسەر ئەم مۆرانە وێنەی ئاژەڵی ئاسکی کێوی و بزنی کێوی شاخ درێژ دەبینرێن کە ئەمانە ئاژەڵی ناوچە شاخاوییەکانن و ئەم جۆرە ئاژەڵانە لە باشوری عێراق دا بوونیان نیە ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی دیکەوە هەندێك توێژەری تر گریمانەی ئەوە دەهێننەوە کە دروستکردنی ( زەقورە و بورجی پلیکانەدار ) لە پەرستگاکاندا لەناوچە شاخاوییەکانەوە هاتوون و ئەم هەموو بەڵگانە بەسەر ناوچەی باکوری عێراق دا دەچەسپێت[٢].

**باسی دووەم : گۆڕستانی شاهانە**

لەبیستەکانی ئەم سەدەیەدا ، دوو شوێنەواری گرنگ سەرنجی سەرجەم جیهانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا ، ئەوانیش دۆزینەوەی گۆڕی ( توت عەنغ ئامون )ی فیرعەونی میسڕ و گۆڕستانی پادشایەتی ئور بوو لە باشووری عێراق[٣] لەلایەن نێردەیەکی هاوبەش لە ( مۆزەخانەی بەریتانی و زانکۆی پەنسلڤانی ) لە نێوان سالأنی (١٩٢٧ – ١٩٣٤ )میلادی لە شاری ئور گۆڕستانێکی شاهانەیان دۆزیەوە ، شاری ئور دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای ناسریە بە دووری ١٧کم لە مەڵبەندی پارێزگای زی قارەوە هەروەها بە ٣٦٥کم لە باشوری ڕۆژهەلأتی بەغداوە دوورە[٤]، لە هەڵکۆڵینی ڕۆژهەلأتی شورای شارەکەدا ، گۆڕستانێکی شاهانەیان لەگەڵ کۆمەڵێ پاشماوەی دەگمەن و نایاب لە زێڕ و کانزای بە نرخ لەگەڵ چەند گۆڕێك یان چاڵێك کە ژمارەیان لە نێوان : ٢٠٠٠ – ٢٥٠٠ گۆڕبووە ، وا دیارە ١٦ گۆڕ بۆ شاردنەوەی ( کەسێکی گرینگ _ وەك پادشا ) و دەستو پێوەندەکانی

(١) محەمەد مەحمود مەندەلاوی : مێژوو و شارستانیەتی کورد ، و : محەمەد وەسمان ، چاپخانەی دار المعرفە ، بیروت ، لبنان ، ٢٠١٢ ، ل٧٤.

(٢) عبدالخالد صابر : س . پ ، ل٣٣.

(٣) تاهیر عوسمان : نهێنیەکانی گۆرستانی پادشایەتی ئور ، گۆڤاری شانەدەر، ژ.١١ ، هەولێر ، ٢٠٠٠ ، ل٤٢.

(٤) کەلسومە جەمیل عبدالواحد ، مێژووی کۆنی ... ، س . پ ، ل٢٧.

شا بووه لەگەڵ زیاتر لە ٢٠٠٠ گۆڕی تاك ، لیۆنارد وولی _ یەکەم زانای شوێنەوارناس بووە ، پشکنینەکانی خۆی لەشاری ئور[١]، گومانی تێدا نیە ئەو کەسە نێژراوانە لەو گۆڕە دەوڵەمەندانەدا جگە لەپاشاکان ، شاژنەکان و شازادەکانی سۆمەری کەسی دیکە نەبوون ، ( وولی ) لەناو شانزە گۆڕی پادشاکاندا چەندین نوسراوی دۆزیەوە کە زۆرترینیان لەسەر مۆری لولەیی نوسراو بوون[٢].

ئەم گۆڕانە جگە لەجەستەی مرۆڤ لەگەڵیان کەل و پەلی بەنرخ و پێویست هەروەها خزمەتکار و ئاژەڵ و پێداویستی تری تێدا هەبووە ، هەڵکۆڵەر ( وولی ) ناوی ئەم گۆڕەی ناوە ( گۆڕی پاشایان ) بەوەی ناوی هەندێ لە مردووەکانی لەسەر گۆڕەکان نوسراوە وەك ( میس کلام دەنگ ) واتا پاڵەوانی پیرۆز ، کە هەمان ناو لەسەر مۆرێك لە زێڕ دروستکراو لەگەڵ نازناوی لۆگال دۆزراوەتەوە[٣]، گەورەترین نیشانەی ئەم گۆڕستانە کە لە سەرجەم وڵاتی ڕافیدەین دا دەگمەنە و تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی دووریش کەم وێنەیە ، تەرمەکان کەتەرمی خاوەن پلە و پایەیەکانن چەندین تەرمی تریان لەگەڵ دانیژراوە کە ئەوانیش دەست و پاوەندیان بوونە[٤].

پرسێکی دیکەی ئاڵۆز ناشتنی کۆمەڵە کەسێکە بە دەستە جەمعی کە لە ٣ کەسەوە بۆ ٧٣ کەس پێك هاتبوون ، بەڵام جگە لە ئور لە هیچ شوێنێکی دیکە لە میزۆپۆتامیا لەم جۆرە ناشتنە نابینرێت[٥].

بەڵام ئەو گۆڕانەی کە بە گوێرەی ( پادشا )کان ناسراون لە گۆڕە ئاساییەکان قوڵترن و تەرمی زیاتریان تیا بووە و لەگەڵ بەراوردکردنی مۆرەکان دەردەکەوێ کەوا ئەم گۆڕستانە پادشاییە بۆ سەردەمی ( ٢٦٠٠ پ.ز ) دەگەڕێتەوە ، هیچ گومانێك لەوەدا نیە کەوا قوربانیەکان نەکوژراون ، بەڵکو هەر خۆیان ژەهریان خواردووە ، یان بە بێ ئاگاییەوە خراونەتە ناو گۆڕەکانەوە ئەویش بە مژینی خۆراکێکی ژەهراوی ، ڕایەکی بەهێزیش

---

(١) تاهیر عوسمان ، س . پ ، ل٤٢.

(٢) یوسف مەجید زادە : س . پ ، ب١ ، ل٢٢٩.

(٣) کەلسومە جەمیل عبدالواحد: مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٢٧ – ٢٨ .

(٤) تاهیر عوسمان ، س.پ ، ب١ ، ل٢٢٩ .

(٥) یوسف مەجید زادە ، س.پ ، ب١ ، ل٢٢٩ .

هەیە کەوا ئەفیۆن و تلیاك بەکارهێنرا بێ هەروەها تەرمە دۆزراوەکان هیچ پاشماوەیەکی تیرۆر و لێدانیان پێوە دیار نیە[١] . کاتێك پادشا مردووە ماڵبات و خزمەتکارەکانیان ڕێوڕەسمێکی ماتەمینیان بۆ ئەنجام داوە وا پێدەچێ لەو ئاهەنگەدا هەموویان ژەهر خوارد کرابن[٢] . بەڵام چ بیانوویەك بۆ ئەو بە کۆمەڵ کوشتنە هەبووە ؟! بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووداوە ( وولی ) پێی وایە پادشا و شاژنەکان خۆیان بە خوداوەند و جێنشینی خوداوەندەکان دەزانی ، ڕاستیەکی مێژوویی تریش هەیە کەوا زۆربەی گۆڕەکان کە لەسەر تاپای جیهاندا دۆزراونەتەوە بۆ پادشا و سەرکردە سەربازیەکان دەگەڕێتەوە ، بۆیە سۆمەرەکان زۆر بە ئاسانی ئەو نەریتە لە شاری ئور لاساکراوەتەوە کە گەلانی دیکە پێی هەڵساون ، ئەم بیردۆزە سەرەتا بڕواهێنەر بووە بەڵام لەگەڵ پشکنینەکانی ( وولی )دا یەك ناگرنەوە ، چونکە زۆر دوورە سەرجەم نێژراوەکانی گۆڕستانی پادشایەتی _ پادشا و میرین ، هەروەك بیردۆزەکە ئاماژەی پێ کردووە ، چونکە پشکنینەکان دەریان خستووە کەوا زۆربەی قوربانیەکان ئافرەت بوونە ، بەڵام شارستانیەتەکانی دیکە بە شێوەیەکی سەرەکی زۆربەی قوربانیەکانیان لە خزمەتکار و کۆیلە و پیاوەکان بووە سەربازی وەزیر و فەرمانبەرەکانی دیکە[٣] .

## باسی سێ یەم : سیستەمی دەوڵەتە شارەکان

لە سەردەمی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی حوکمڕانی لە ژێر دەسەڵاتی سۆمەریەکان دابووە ، بە شێوازی دەوڵەتی شار بووە ، کە لە مێژوودا بەسەردەمی حوکمڕانی شارەکان ( city states ) ناسراون و مێژووەکەی بۆ نزیکەی ( ٣٠٠٠ یا ٢٨٠٠ پ .ز ) دەگەڕێتەوە[٤] .

دەوڵەتە شار لە میزۆپۆتامیا دا لەشار و ئەو زەویانەی دەوروبەری پێکهاتبوو ، هەندێك جاریش چەندین شاری دیکەی لەخۆیەوە دەگرت ، دامەزراندنی شاریش بە کاریکی ئایینی دادەنرا ، بۆیە نەدەبوو شار دروست بکرێت تەنها بە فەرمانی خوداوەندە

---

(١) تاهیر عوسمان، س.پ ، ل٤٣ – ٤٤ .

(٢) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٢٨ .

(٣) تاهیر عوسمان ، س.پ ، ل٤٤ .

(٤) کەلسومە جەمیل :مێژووی دێرینی کورد ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل٤٩ .

گەورەکان نەبێت ، چونکە شار بەر لە هەموو شتێك مەڵبەندی پەرستنە[1] ، شێوازی سیاسی و بە ڕێوەبردنی دەوڵەت لە عێراقی کۆندا شێوازی دەوڵەتی شار بووە ، ئەم سیاسەتە لە زۆربەی شارستانێتیە کۆنەکان پەیڕەو کراوە وەك لە میسڕ و یۆنان دواتر لە ڕۆمان ، شەڕ و پێکدادانی بەردەوام لە نێوان دەوڵەتی شارەکان سیمای دەوڵەتە شارەکان بووە ، هۆکاری ئەو شەڕە بەردەوامیە زیاتر لەسەر زەوی کشتوکاڵ و ڕێگاکانی بازرگانی خۆ بەرفراوان کردن بووە[2] .

ژمارەیەکی زۆری شارە گرنگەکان لە سەردەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکاندا سەریان هەڵدا و فراوان بوون و ژمارەی دانیشتوانیان زیادی کرد و بوونە مەڵبەندی گرنگی ژیان لە سەردەمەکانی دواتردا ، ئەو جۆرە شارانە شورەی پتەویان لە دەور بوو دژ بە هەڵمەت و شالآوەکانی دوژمنان[3] .

هەندێ توێژەر لەو باوەڕەدان کە کاهینەکان دەسەلآتدار و بەڕێوەبەری شارەکان بوونە ، بە زمانی سۆمەری پێیان دەوترا ( ئەین ) کە هەردوو دەسەلآتی سیاسی و ئاینی لەژێر دەست دابووە ، لە شوێنێك کە بەشێك بوو لە پەرستگا پێی دەوترا ( ئاکییار یان کییار ) کاروباری خەڵکی ڕادەپەڕاندن ، بەلآم بە تێپەڕبوونی ماوە و زۆربوونی کاروباری خەڵك دیارە بە هۆکاری زۆربوون و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان ئەو کەسایەتیە نەیدەتوانی هەموو بەرپرسیاری ئاینی و دونیای بگرێتە ئەستۆ ، بۆیە هەردوو دەسەلآتی ئایینی و سیاسی لەیەك جیاکرایەوە بەرپرسیارەتی سیاسی بە کەسایەتیەك بەخشرا کە پێی دەوترا کە پێی دەوترا ( ئەنسی ) واتا وەکیلی خوداوەندەکان دیارە ئەمەش مۆرکێکی ئاینی هەر پێوە مابوو[4] ، پەرستگای سەرەکی شار هەر لەناو شاردا مابوو[5] .

---

(١) ئەحمەد ئەمین سەلیم : مێژووی کۆنی میسر و عێراق ، و: فەیسەل خەلیل ، چاپخانەی ڕۆژهەلآت ، هەولێر ، ٢٠١٤ ، ، ل٣٤٣ .

(٢) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٣ .

(٣) محمود شاکر : مێژووی شارستانیەتەکان ، و : موسا محمد عبدالرحمان ، نهاد جلال حبیب الله ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ل٦٤ .

(٤) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٣ — ٣٤ .

(٥) محمود شاکر : س.پ ، ل٦٤ .

بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە دوو دەسەڵاتی باڵا وەك ئەنجومەن پێکهاتبوون ئەوانیش ئەنجومەنی پیران کە لە خەڵکە بە تەمەنەکانی شارەکە یان نوێنەری خانەوادەکان یان بنەماڵەکان تێیدا ئەندام بوون ، کۆمەڵەکەی تر لەکەسانی ئاسایی هەموو دانیشتوانی شارەکە بوون ، ئافرەتانیش لەو ئەنجومەنە بەشدار بوون ، لە بڕیارە گرنگەکانی شارەکە هەموو ئەندامێك مافی قسەکردنی هەبوو ، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی کەسایەتیەك بەوەی خەسڵەتی سەرکردایەتی تێدا بەدی کرابا دەکرا بەسەرکردە بە شێوەیەکی کاتی بەڵام بە تێپەڕبوونی ماوە ئەمە بوو بە میراتگری واتا ( پشتاو پشت ) ئارەزوو و خۆشەویستی بۆ دەسەڵات وای لێکرد لەسەردەمەکانی داهاتوو ئەم پلە وپایە بۆ خۆی قۆرخ بکات[1] .

زۆربەی شارە گەورەکان دەکەوتنە کەناری ڕووبار یان نزیك ڕووبارەکانەوە ، بەهۆی گۆڕانی ڕێڕەوی ڕووبارەکەوە یان زیادبوونی شۆرەکات یان هەڵمەتی وێرانکەرەوە شارەکان چۆڵ دەکران ، سەبارەت بە ڕووبەری شارەکان و زەویەکانیان ژمارەی دانیشتوانیان ڕای جیاواز هەیە سەختە ژمارەیەکی ورد و دروستمان پێبێت ، دەکرێت بگونجێت لەگەڵ شارە بچوکەکانی ئێستای عێراق دا بەراوردیان بکەین[2] .

دەتوانین بڵێین سیستەمی دەوڵەتە شار یەکێکە لە داهێنانە سەرەکیەکانی سۆمەریەکان ، یەکەمین شارەکان لە سۆمەردا کەمێك بەر لە ( ٣٠٠٠ پ.ز ) دامەزراون ، لەوانەیە یەکەمین شار ئەریدۆ بێت کە ئەو کات دەکەوتە کەنارەکانی کەنداوی فارسەوە ، سۆمەریەکان باوەڕیان وابووە ئەم شارە یەکەمین مەڵبەندی خولقاندن و یەکەمین نیشتمان بوو کە لە سەرەتای دروستبوونی جیهان لە دڵی دەریاوە بەدی هاتووە ، بەم پێیە ئەریدۆ نیشتمانی یەکەمین فەرمانڕەوا و هەروەها یەکەمین بەرهەم و هونەرە شارستانییەکانیش بووە[3] .

---

(١) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٤ .

(٢) محمود شاکر ، س.پ ، ل٦٤ .

(٣) دان ناردۆ : ئیمپراتۆریەتی ئاشور ، و : فەرهاد عزیز خۆشناو ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری ، هەولێر ، ل٢٤ – ٢٥ .

## باسی چوارەم : سەردەمی بنەماڵە سۆمەریەکان

### أ _ بنەماڵەی ئوری یەکەم

شاری ئور پاشماوەکەی ئێستا دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای ناسرییە سەر بە پارێزگای زی قار لەسەردەمی بنەماڵەکان بەتایبەتی لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەم دا ناوی ئەو بنەماڵەیە ڕاستەوخۆ دوای بنەماڵەی ( وەرکا ) هاتووە[١]، بەناوبانگترین پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە ( میسانپیدا ) [٢] ، پاشا میسانپیدا دامێزرێنەری ئەو بنەماڵەیەیە لە لیستی پاشایانی سۆمەری ناوی هاتووە ماوەی ( ٨٠ )ساڵ بۆ فەرمانڕەوای دانراوە ، لە دوای ئەو کوڕەکەی بەناوی ( ئانپیدا )دەسەڵاتی سیاسی وەرگرتووە ناوی لە لیستی پاشاکان نەهاتووە لەوانەیە ناو و ماوەی دەسەڵاتی لەگەڵ باوکی میسانپیدا تۆمار کرابێ هەروەها شەڕ لە نێوان میسانپیدا و پاشای کیش ( ئاکا ) [٣]ڕوویداوە ، بەڵام میسانپیدا توانیویەتی دەسەڵاتی دەوڵەتەکەی بەرفراوان بکات نازناوی پاشای کیش بۆ خۆی بەکاربهێنێ ئەمەش لە مۆرێکی لوولەیی ئەو پاشایە دۆزراوەتەوە[٤] .

پاشا میسانپیدا خۆی و ( ئانپیدا )ی کوڕی پەرستگایەکی گەورەیان لە ( تل العبید ) بۆ خوداوەند ننخرساك بنیات نا[٥] ، ڕوگەی ئەو پەرستگایە ڕازێنرابوویەوە بە ڕیزکردنی ئاژەڵان نەخشێنرا بوو بە سەدەف ، یان بەردی کلس لە دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوەی ستونێك هەبوو بە شێوەی چین و ماچین[٦] .

لە شاری ئور گۆڕستانێکی شاهانە دۆزراوەتەوە ٢٥٠٠ گۆڕ بووە ١٦ گۆڕیان شاهانە بووە ، لەو گۆڕانە پاشا تیایدا نێژراوە لە گەڵیان کەنیزەك و خزمەتکار نێژراوە ، گرنگترین گۆڕ یان گۆڕستان شاژن ( شەبعاد )ە ، لەگەڵ کۆمەڵێ پاشماوەی دەگمەن لە زێڕ و زیو

---

(١) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٦ .

(٢) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٧ .

(٣) ( ئاکا ) : پاشا ئاکا دوا پاشای بنەماڵەی کیش یەکەم بووە کە لە دەوروبەری ساڵی (٢٦٥٠ پ.ز ) فەرمانڕەوای کردووە هەمان پادشایە کە گلگامیش پادشای پێنجەمی بنەماڵەی ئوروك دژایەتی دەکرد .

(٤) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٦ –٣٧ .

(٥) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٧ .

(٦) فرج بصمة جي : کنوز المتحف العراق ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص٢٦ .

**هەروەکو پێشتر باسکرا[١] ، هێڵکاری پادشا سۆمەریەکان باس لەوە دەکات ١١ بنەماڵە دوای بنەماڵەی ئوری یەکەم تا دامەزراندنی دەوڵەتی ( ئەکەدی )[٢] فەرمانڕەواییان کردووە[٣] .**

**لە کۆتایی فەرمانڕەوایی ئەم بنەماڵەیە واتا لە کاتی ( ایلولو ) و کوڕەکەی ( بالولو ) هەروەها بنەماڵەکانی تر کێشەیان هەبوو لەسەر دەسەڵات ، لەم کاتەدا بنەماڵەی عیلامیە لە شاری ( ئاوان )[٤] دەرکەوتن و دەستی گرت بەسەر زەوی و زار لە بەشی ڕۆژهەڵات لەم کاتەدا لە وولات بنەماڵەی ( ماری )[٥] دەرکەوتنلە ( تل الحريری ) لەسەر فورات هەروەها شاری ( کیش )[٦] سەربەخۆیی خۆی وەرگرت هەروەها پاشای لەگەش توانی زیاتر شارەکانی باشور ئازاد بکات و لە نێوانیان ئور هەروەها بیلکێنیٚ بەو سوڵتانەی کە لە دوای دێت[٧] .**

## ب_ بنەماڵەی لەگەشی یەکەم

**ئەم دەوڵەتە دەکەوێتە ناوچەی غەڕڕاف لە نێوان عەممارە و ناسرییە ، ناوی لە لیستی پاشایانی سۆمەری نەهاتووە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە پەرستگای خوداوەند ( ئەنلیل ) دانی پیانەهێناوە ، دیارە ئیعتراف کردنی پەرستگا مەرج بووە بۆ هەر دەوڵەتێکی شار[٨] ، لەم سەردەمەدا حوکمڕانی لە شاری لەگەش دا کراوە کە لە ئەمڕۆدا بە**

---

**(١) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٧ .**

**(٢) ئەکەدیەکان : لقێکی هۆزانی جەزیرەی عەرەبیین ، لە هەزارەی پێش زایین کۆچیان کردووە بۆ عێراق و سوریا فلستین بە هۆی خراپی باری ئابوری و ووشکە ساڵییەوە ، سارگۆت دەوڵەتی یەکگرتووی ئەکەدی ئیمپراتۆری ئەکەدی پێکهێنا .**

**(٣) محمود شاکر ، س.پ ، ل٤٨ .**

**(٤) ئاوان : لە نوسراوەیەکی سۆمەری ئاماژە بەوە دەکرێت کە دەسەڵاتی سیاسی لە شاری ئور بۆ بنەماڵەی ( ئاوانی ) ئیسلامی گوازراوەتەوە ئەمەش دیارە بە هۆی هێرش ئیسلامیەکان بۆ سەر شاری ( ئور ) بووە .**

**(٥) ماری : ئەو شارە کەوتۆتە باشوری شاری موسڵ ، لەسەر لێوارەکانی ڕووباری فورات لە وڵاتی سوریای ئەمڕۆ و نزیك سنووری عێراق . ئێستا پاشماوەکانی دەوترێت ( تل حەریری ) .**

**(٦) کیش : دەرکەوتنی یەکەم دەوڵەتە شار دوای لافاوەکە ، دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی کیش بووە . لەو شارەدا زیاتر لە لە بیست پاشا فەرمانڕەواییان کردووە .**

**(٧) فرج بصمەجی ، م.س ، ص٢٦ .**

**(٨) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٨ .**

به ( تلو ) ناسراوه [١]، ژمارەی پاشاکانی ١٠ پاشا بووە بۆ ماوەی ١٦٥ ساڵ حوکمڕانیان کردووە لە نێوان ساڵانی ( ٢٥٢٠ – ٢٣٥٥ )پ.ز[٢]، لە دوای خۆیان هەواڵی زۆریان لە بارەی ئاوەدانی و جەنگ و دەقی مێژوویانەوە بە جێهێشتووە[٣] .

لەو کاتەدا هەردوو شاری (جرس و نینا ) لەژێر فەرمانڕەوایی پاشایانی ئەو دەوڵەتە شارەدا بوون و لەگەش پایتەختیان بووە ، ئەو ناوچەیە لە نێوان ساڵانی ( ٢٧٠٠ – ٢٤٠٠ )پ.ز لەو پەڕی ئاوەدانی دابووە[٤] .

هەروەها شاری ( ئۆروکوك ) واتا شاری پیرۆز بەو شارە وتراوە[٥]، ئورنانشە دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە کە لە دەوروبەری ( ٢٥٢٠ – ٢٤٩٠ )پ.ز حوکمڕانی کردووە ، پادشا ئۆرنانشە بایەخی بە ئاوەدانکردنەوەی شاری لەگەش داوە و هەروەها پەرستگاکانی نۆژەن کردۆتەوە[٦]، بە درێژایی فەرمانڕەواییەکەی لەگەڵ دەوڵەتە شاری ئور لە شەڕ دابووە[٧]، لە دوای ئۆرنانشە کوڕەکەی بەناوی ( ئاکورگال ) دەسەڵاتی گرتە دەست زانیاری زۆری لەسەر نی یە ئەم پاشایە تەنیا چەند وێنەیەك لەگەڵ باوکی نەبێ ، لەدوای (ئاکورگال ) کوڕەکەی ئایانتم دێتە سەر دەسەڵات[٨] .

لە سەردەمی ( ئایانتم ) لەگەش گەیشتبووە ترۆپکی مێژووی دەسەڵاتی بەسەر هەموو شارەکانی سۆمەر دا هەبووە[٩]، لە سەردەمی فەرمانڕەواییەکەیدا بە مەبەستی ڕاوکردن بەرەو ناوچەکانی باکوور هاتووە ، لەسەر قەڵایەکی گەورە شاری ( ئەربائیلۆ )

---

(١) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٨ .

(٢) فرج بصمەجی ، م.س ، ص٢٦ .

(٣) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٨ .

(٤) عومەر ئیسماعیل مارف : تۆمارەکانی مێژوو ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، ٢٠١٣ ، ل٢٢ .

(٥) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٨ .

(٦) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٨ .

(٧) عومەر ئیسماعیل مارف : س.پ ، ل٢٢ .

(٨) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٨ .

(٩) یوسف مەجید ، س.پ ، ب١ ، ل٢١٩ .

هەولێری ئێستای بینیوە ، هەربۆیە لە تۆمارەکانی خۆیدا بە ( سووبارتۆییەکان ) ئاماژەی بە دانیشتوانی ئەو شارە کردووە[١] .

ئایانتم خاوەنی میلی سەرکەوتنی بەناوبانگە کە لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس پارێزراوە باس لە سەرکەوتنی خۆی دەکات بەسەر ( ئۆما )دا[٢]، یەکەم شەڕی نێوان شارەکانی لەگەش و ئۆما لە کاتی فەرمانڕەوایی ئەو پادشایەدا بووە ، لەو کاتەدا دانیشتوانی هەردوو شارەکە لەسەر خاوەندارێتی جۆگەیەکی ئاودێری کە سنووری زەوییە کشتوکاڵیەکانی هەردوو لای لەیەك جیاکردۆتەوە ناکۆکی کەوتۆتە نێوانیانەوە ، دوای شەڕێکی خوێناوی سەرەنجام ئایانتم بەسەر پاشای ئۆمادا سەرکەوتووە[٣] .

ئنتیمنا لە نزیکی سالأنی ( ٢٤٣٠ – ٢٤٠٠ )پ.ز ، فەرمانڕەوایی کردووە توانی سوپای ئۆما لە شاری لەگەش دەرپەڕێنێ ، هاوچەرخی پادشای شاری ( ئەدب )[٤] ( لوگال ئنمیندو ) بووە[٥] .

دوا پادشای بنەماڵەی لەگەشی یەکەم ( ئۆرکاجینا ) بووە لە چینی پیاوانی پەرستگا بووە ، لە ڕێگەی کودەتای سەربازی دەسەلأتس سیاسی وەرگرتووە[٦]، ئۆرکاجینا ناسراو ناسراو بوو بە چاکەکار ، لە دەوروبەری ساڵی ( ٢٣٥٥ پ.ز ) حوکمڕانی کردووە ، سیستەمی باجی ڕێکخستن و دەستی لە خراپەکاران وەشاند[٧]، کەسێکی چاکساز بووە هەوڵی داوە چاکسازی بکات لە ڕووی ئابووری و کۆمەلأیەتی ، ویستی سنورێك بۆ

---

(١) عومەر ئیسماعیل ، س.پ ، ل٢٢ .

(٢) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٨ .

(٣) عومەر ئیسماعیل ، س.پ ، ل٢٢ .

(٤) ئەدەب : کەلاوەکانی ئەو شارە سۆمەرییەکان ئێستا پێی دەوترێت ( تل بسمایە ) و کەوتۆتە باشوری عێراقەوە .

(٥) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٨ .

(٦) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٨ .

(٧) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٨ .

دەسەڵاتی کاهنەکانی پەرستگا دابنێ ، بەڵام تەنها بۆ ماوەی ٨ ساڵ بەردەوام بووە دواتر بە دەستی لۆگال زاکیزی پادشای دەوڵەتی ئۆما گیرا و کوژرا[١] .

**ج_ بنەماڵەی ئۆما**

یەکێکە لە شارە ئاوەدان و بەناوبانگەکانی سۆمەریەکان[٢]، شاری ئۆما ( ٨٠ )کم لە باکوری شاری گرسۆیە ، ناوی لە لیستی پاشایانی سۆمەری نەهاتووە ، لۆگال زاکیزی یەکێك بووە لە پاشا بەناوبانگەکانی لە بنەماڵەیەکی چینی کاهنەکانی پەرستگا بووە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە[٣]، لە کاتی فەرمانڕەواییەکەی هێرشی کردە سەر چەند شارێکی تر توانی چەند شارێکی باشوور یەکبخات و بیخاتە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی لە کۆتایی دا[٤] .

لۆگال زاکیزی لەشکر کێشی کردە سەر لەگەش و داگیری کرد و لەناوی برد ، بەم شێوەیە توانی تۆڵەی دوو سەدەی شکستی خۆیان بکاتەوە ، پاشان دەستی گرت بەسەر ناوچەکانی دیکەی سۆمەردا وا دیارە سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە[٥] .

چەندین جەنگی ئەنجام داوە ناسراو بووە بەوەی لە تاکتیکی جەنگی شارەزا بووە[٦]، لۆگال زاکیزی نزیکەی ( ٢٣٧١ – ٢٣٤٧ )پ.ز بە زەبری شمشێر ئیمپڕاتۆریەتیەکەی خۆی بەرفراوان کرد لەگەڵ ئەوەشدا شەڕە فراوانخوازیەکانی لەچاو شەڕە ناوخۆییە بەردەوامە خڕگرەوەکان ، کە سۆمەریەکان دەبوونە نێچیری ، خراپەکاری بۆ وڵات کەمتر بوو[٧] .

---

(١) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٨ .

(٢) عومەر ئیسماعیل ، س.پ ، ل٢٣ .

(٣) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٨ .

(٤) احمد سوسة : حضارة وادي الرافيدين بين الساميين والسومريون دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٠ ، ص ص ١٣٢ ١٣٢ – ١٣٣ .

(٥) یوسف مەجید ، س.پ ، ب١ ، ل٢٢٢ .

(٦) عبدالخالد صابر ، س.پ ، ل٣٠٨ .

(٧) ئەرنۆلد تۆینبی : مێژووی مرۆڤایەتی، و: دڵشاد مستەفا وەسانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠ ، ل١٠٦.

لۆگال زاکیزی بەناوبانگترین فەرمانڕەوای دەوڵەتە شاری ئۆما بوو ، ئەو پاشایە بە پیاوێکی زۆردار و چەوسێنەر ناسراوە، چونکە بە درێژایی (٢٥)ساڵ فەرمانڕەواییەتیەکەی سەرگەرمی شەڕ و داگیرکاری بووە ، زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان هێرش و پەلامارەکانی دواتری ( سەرجۆنی ئەکەدی )[١] بۆسەر دەوڵەتە شارەکان دەگێڕنەوە بۆ ئەو زوڵم و زۆرییە بێ سنوورەی پاشا لۆگال زاکیزی[٢]ئەم پادشایە بە دەستی سەرجۆنی ئەکەدی لەناو چوو[٣] ، بە مردنی ( لۆگال زاکیزی ) سەرجۆنی ئەکەدی توانی ئەو دەسەڵاتە تێك بشكێنێت[٤] .

(١) سەرجۆنی ئەکەدی : دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەکەدی یە بۆ ماوەی ٥٤ یان ٥٥ ساڵ دەسەڵاتدار بووە .

(٢) عومەر ئیسماعیل ، س.پ ، ل ل٢٣-٢٤.

(٣) کەلسومە جەمیل :مێژووی کۆن ... ، س.پ ، ل٣٩ .

(٤) یوسف مەجید ، س.پ ، ب١ ،ل٢٢٤ .

## تەوەری دووەم : چەند لایەنێکی ئابوری سۆمەریەکان

### باسی یەکەم : کشتوکاڵ

هەروەك ئاشکرایە کشتوکاڵ بنچینەی بنیاتنانی کۆمەڵگای سیاسی ڕێك وپێك و مەدەنیەت و خاوەن شارستانیەتە[1]،بنەمای ئابوری لە کۆمەڵگای میزۆپۆتامیا بە درێژایی مێژوو بە پلەی یەکەم لە بواری ئابوری دابووە[2]، لە دوای نیشتەجێ بوونی دانیشتوان لە بەشی باشور و ناوەڕاستی عێراق، کشتوکاڵ کردن لەم هەرێمانەدا بە پلە یەك پشتی بە ئاوەدانی دەستی دەبەست، ئەمەش بەهۆی کەمی ڕێژەی باران بارین بووە[3].

ئەو زەوی یە بەپیتەی کە سۆمەریەکان کشتوکاڵیان تێدا دەکرد لە ئەنجامی لافاوی سالآنەی دوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە بووە، لە هەمان کاتدا ئەو لافاوە سوود و زیانیشی هەبووە، بۆ دوورخستنەوە لە زیانەکان، سۆمەریەکان پەنایان دەبردە بەر دروست کردنی کەناڵی ئاودێری بە درێژی وپانی لە ولآتەکەیاندا تاوەکو ئاوی ڕووبارەکە بە شێوەیەکی سەلامەتیانە لێوەی رابکێشین، ئەو سیستەمە ئاودێریە پتەوە مێژووەکەی بۆ ٤٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە کە بە مەزنترین کاری دروستکردنی دادەنرێت لە شارستانیەتی سۆمەری دا[4].

سەبارەت بەچاندنە کشتوکاڵیەکان ئەوا دانەوێڵە بە گرنگترینیان دێت و لە پێش هەموویانەوە گەنم و جۆ دێت، بە دوایدا گەنمە شامی دێت بەڵام ئەو کات برنج ناسراو نەبوو، زۆربەی باخەکان درەختی دار خورما بوون[5]، دار خورما کە سوودێکی زۆریان لێ وەرگرتووە بۆ مەبەستی جیاواز بەکاریان هێناوە وەك سرکە دۆشاو شەراب و شتی تر[6].

---

(١) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٢٥.

(٢) یوسف مەجید زادە، س.پ، ب٣، ل٣٧٢.

(٣) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ....، س.پ، ل٤٠.

(٤) عبدالخالد صابر، س.پ، ل ل١٢٥-١٣٦.

(٥) محمود شاكر ، س.پ ،ل٦١.

(٦) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ....، س.پ، ل٤١.

کشتوکاڵ تا ئەمڕۆش بە گرنگترین داهێنانەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێت[١]، لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی شارستانی سۆمەری بریتی بوو لە کشتوکاڵ کردن[٢].

فەرمانڕەواکان گرنگیەکی زۆریان داوە بە دامەزراندنی پڕۆژەی ئاودێری و ئەوەیان بە ئەرکی یەکەم و بەر پرسیاریێتی خۆیان دەزانی شانازیان دەکرد بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بەڵکو چەندین ساڵیان تەرخان دەکرد بۆ کاری تایبەت بە دامەزراندنی پڕۆژەی ئاودێری[٣]، کشتوکاڵ کردن لە عێراقی کۆن بێ کێشە نەبووە بەڵکو کۆمەڵێ کێشەی هەبووە لە هەموویان گرنگتر سوێری (المللوحە) تا ڕادەیەك توانیویانە بە سەری دا زاڵ بن[٤].

هەروەك لەو سەردەمانەدا لەلای سۆمەری و نەتەوەکانی تری ناوچەکە ئەو ئامرازانەی بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکارهاتووە کە بریتی بووە لە (داس ، جەنجەڕو ... هتد ) ئەو ئامرازانە بەشێکن لە ئاسن و ئەویتری لە پارچە دار بووە، سەرباری ئەوەی کە گا و ئاژەڵی تریان لە کارو بارە کشتوکاڵیەکاندا بەکار هێناوە، بەتایبەتی لە کاتی کێڵاندا ئاژەڵی (گا)یان بەکار هێناوە، ئەم بایەخ پێدانەی کشتوکاڵ لە لای سۆمەریەکان زیاتر بە دی دەکرێت وەك لە لای گەلانی دراوسێی هاوچەرخن، هەروەك لە دەقەکاندا هاتووە ژنانیش لەگەڵ پیاواندا بەشداری بواری کشتوکاڵیان کردووە، کشتوکاڵ ئەوەندە گرنگ بووە لە لای سۆمەریەکان کە ناوی هەندێك مانگیان بۆ چالاکی کشتوکاڵی گەڕاندۆتەوە[٥].

ئەو زەویە بە پیتەی کە سۆمەریەکان کشتوکاڵیان تێدا دەکرد لە ئەنجامی لافاوی ساڵانەی دوو ڕووباری دیجلە و فوڕاتەوە بووە، کە خاکی سۆمەر کەوتبووە نێوان ئەم دوو ڕووبارەوە ، لە هەمان کات دا ئەو لافاوە سوود و زیانیشی هەبووە[٦].

---

(١) ئەرنۆڵد تۆینبی، س.پ، ل٦٩.

(٢) هاشم عبدالموسوی، موسوعة الحضارات القديمة، دار المكتبة، ٢٠١٣، ص٩٦.

(٣) محمود شاکر، س.پ، ل٥٩.

(٤) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ...، س.پ، ل٤١.

(٥) عبدالخالد صابر، س.پ، ل ل١٣٠-١٣٢.

(٦) عبدالوهاب حمە رشید، حضارة وادي رافدين، دار المدى للنشر، دمشق، ٢٠٠٤، ص٤٤.

سۆمەریەکان خەڵکێکی داهێنەر و بە سەلیقە بوون لە داهێنانەدا، ئەو ئامرازەی کاری کشتوکاڵی خێراتر و ئاسانتر کرد ئەویش بە کیلاّن و تۆ کردنی کێڵگە لە یەك کاتدا[1]، سۆمەریەکان لە بواری کشتوکاڵ کردندا دوو چاری گرفتی گەورە دەبوونەوە، ئەویش ئەو کەمی بارانە بوو کە باشووری میزۆپۆتامیا پێوەی دەناڵاند کە نەتەوەی سۆمەری لێدەژیا، ئەو بارانە بەشی ئاودانی زەویە کشتوکاڵیەکانی نەدەکرد، لە لایەکی تر بەرزی پلەی گەرما لەو ناوچانەدا دەبووە هۆی وشك بونەوەی زەویەکان، بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارو دۆخە ڕووبەڕووی شێوازی ئاودێری دەبووەوە[2].

بەشی زۆری زەویەکان موڵکی پەرستگا بووە، ئەو زەویەی لە ژێر دەسەڵاتی پەرستگا و کاهینەکان بەم جۆرە پۆلێن کرابوو وەك :

١- زەوی خوداوەند، تایبەت بووە بە خوداوەندی سەرەکی شارەکە پەرستگا تۆو کەل وپەل و پێداویستی کشتوکاڵی بۆ ئامادە دەکردن، بەلاّم دانیشتوانی شارەکە پێویست بوو لەسەریان لەو زەوییانە کار بکەن.

٢- زەوی پەرستگا، زەویەکان بۆ چەند یەکەیەکی کشتوکاڵی دابەش کرابوو، ئەوانیش دەبەخشرا بەو جوتیارانەی کە سەر بە پەرستگا بوون بەرهەمەکەشی بۆ خۆیان بوو.

٣- بەشێکی موڵکی پەرستگا دەدرا بە جوتیاران، بەلاّم دەبوایە حەفت یەك یان هەشت یەك بدەن بە پەرستگا.

لە پاڵ زەوی پەرستگا و کاهینەکان بەشێکی تر لە زەویە کشتوکاڵیەکان لەژێر دەسەلاّتی دەرەبەگەکان و خانەدانەکان و دەوڵەمەندانی شار بوون[3].

**باسی دووەم : بازرگانی**

وەك چۆن بۆ بوارەکانی تری ئابوری، پشت دەبەسترێ بە دەقە نوسراو و کەرەستە شوێنەواریەکان وەك بەڵگەیەك بە هەمان شێوە بۆ لایەنی بازرگانیش، بە گەڕانەوە بۆ ئەو

---

(١) چێور نامیق، میزۆپۆتامیا یەکەم شارستانیەتی کۆن، گۆڤاری واتە، ژ ١١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٧٣.

(٢) عبدالخالد، س.پ، ل ل١٣١-١٣٢.

(٣) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ....، س.پ، ل٤٠-٤١.

بەڵگانە دەرکەوتووە لە نەتەوە دێرینەکانی دۆڵی دوو رووبارەکەدا پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ هەندێك لە نەتەوەکانی دراوسێیان هەتا دووریش هەبووە، ئەو پەیوەندییە بازرگانیانە بەردەوام بووە ئەگەرچی جاری وا هەبووە بەهۆی کەوتنەوەی جەنگ لە نێوانیاندا بۆ ماوەیەك وەستاوە[(١)].

بەهۆی نەبوونی کەرەستەی بنەڕەتی بۆ دروست کردنی پێداویستیەکانیان بەتایبەتی کانزاکان وەك مس و زێر و بەردی بە نرخ و گران بەها لە دەرەوەیان دەهێنا ئەمەش فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی بازرگانی دەرەکی بووە[(٢)]، بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر مامەڵەی بازرگانی لەلایەن بازرگانە میزۆپۆتامیەکانەوە ئەنجام دەدرا، بازرگانی دەرەکی لەگەڵ سەر زەمینە دوورکان، و بازرگانی ناوخۆیی لەگەڵ شارەکاندا، بازرگانی دەرەکی گرنگی زیاتری هەبوو[(٣)].

لەسەرەتادا لەگەڵ نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نزیکدا ئەو پەیوەندییە بازرگانیە هەبووە دوای ئەوە ئینجا لەگەڵ گەلانی ئێران و ئاسیای بچووك و کەناراوەکانی دەریای بەرز و میسری فیرعەونی چەند شەیچنی دیکەدا، ئەو کەرەستانەی کە زیاتر گەلانی میزۆپۆتامیا لە وڵاتە جیاجیاکانی ترەوە لە رێی بازرگانیەوە هێناوینە بەزۆری بریتین لە بەردی هەمەجۆر، عاج، کانزای مس، تەختەی تایبەت بۆ دروست کردنی کەل وپەلی ناوماڵ و بنمیچی کۆشکەکان و پەرستگاکان، هەروەها بۆن و بخور و هەندێك کەرەستەی دیکەش[(٤)].

بازرگانی دەرەکی و پێویستی دڵنیاکردنی رێگەی پەیوەندییان یەکێك بوو لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ و ناکۆکیەکانی نێوان دەوڵەتە شارە سۆمەریەکان و ئاراستە گیری گشتی بەرەو دەوڵەتی یەك پارچە بۆ زامنکردنی دەستگرتن بەسەر رێگاوبانەکان و راهێنانی ئەو کەرەستە خاوانەی کە وڵات پێویستی پێیانە[(٥)].

---

(١) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٣٦.

(٢) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ...، س.پ، ل٤٠–٤١.

(٣) یوسف مەجید زادە، س.پ، ب٣، ل٣٧٧.

(٤) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٣٩.

(٥) محمود شاکر، س.پ، ل٦٢.

هاوکات کەرەستە نێردراوەکانی نەتەوەکانی میزۆپۆتامیا بۆ دەرەوە یان بەزۆری بریتی بوون لە (بەرووبومی کشتوکاڵی، بەروبوومی ئاژەڵی، خوری، پێستە، مەی، رۆنی رووەکی، هەندێك ئیشی دەستی ورد وەك مۆری لولەیی، هەندێك جۆر لە قاپ، ئامرازی گلێنەیی و کانزایی) هەروەها وولاتی دوو رووبارەکە ببوە ئەڵقەی گەیاندنی بواری بازرگانی لە نێوان وولاتە دوور لە یەکەکان[1].

زۆربەی کالاکان لە رێگای ئاوەوە دەگوازرانەوە، لەبەر ئەوەی بەرد لە سۆمەر زۆر نایاب بوو ئەویان لە رێگای کەشتی و بەلەمەوە لە کەنداوی فارس یا بەشی باکوری دوو ڕووبار دەهێناو لە رێگای نۆکەندەکانەوە دەیانگەیاندە کەنارەکانی شار، گواستنەوەش لە رێگای وشکانی لە گەشەکردن دا بوو[2].

سۆمەریەکان پەلهاویشتنی بازرگانیان بۆ ئەو شوێنانەی کە زۆر دوور بووە لە ولاتەکەیان ئەنجام داوە بەوەی چالاکی بازرگانی سۆمەریەکان لەگەڵ گەلانی ئاسیای رۆژئاوادا بەردەوام بووە، هەروەها بە پێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە ئەم بازرگانی کردنە گەیشتۆتە رۆژئاوا هەتا دەریای سپی ناوەڕاست لە رۆژهەلاتیشەوە تاکو سند[3].

زۆربەی کات ئالۆگۆرکردن و بازرگانی کردن بەشێوەی گۆڕینەوە بوو، بەلام تەنانەت لەو کاتەشدا زێڕ بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی کالاکان بەکاربراوە[4]، جا پاراستنی رێگاکانی بازرگانی لە مەترسی دزین و تالان کردنی کاروانی بازرگانی فاکتەری سەرەکی بوونە بۆ سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان دەوڵەتەکانی شار[5].

جێی وتنە شارە دەوڵەتەکانی سۆمەر بەردەوام جوڵەی بازرگانیان تێدا بووە، چەند شوێنێکی دیکەش هەمان پەیوەندی بازرگانیان لە سۆمەریەکاندا هەبووە، لە وولاتی (عومان) مرواری و لە وولاتی (ئەفغانستان) لازوەردیان دەهێنا لە (عەدەن و سۆماڵیش) بەرد و گیای پزیشکی بۆ نەخۆش و کەتیرەی راتنجیات دەهێنا هاوکات دەبێت رۆڵی

(١) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٣٩.

(٢) ویل دیورانت، مێژووی شارستانیەت، و: عەبدوڵلای رەسولی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠ز، ل٢١٥.

(٣) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٤٠-١٤١.

(٤) ویل دیورانت، س.پ، ل٢١٥.

(٥) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ....، س.پ، ل٤١.

بازرگانان لەبەرچاو بگیرێت کە بوونە هۆی پێشکەوتنی بازرگانی لە سۆمەردا کە بایەخیان بە گواستنەوە و هۆکارەکانی دەدا بەکارهێنانی گالیسکەی گەورە و کەشتی چارۆکەدار، تەنانەت ئەو بازرگانانە کاریگەریشیان لەسەر نەتەوەکانی دراوسێی سۆمەریش هەبووە[١].

**باسی سێیەم : پیشەسازی**

گەلانی دێرین لە میزۆپۆتامیادا کۆڵەگەی سێیەمی ئابوورییان پیشەسازی بووە[٢]، پیشەسازی دەستی بە هەموو جۆرەکانیەوە لە عێراقی کۆندا هەبووە، وەك دروستکردنی کەل وپەل پێداویستی ژیانی رۆژانەیان لە کانزا هۆکارەکانی خۆ رازاندنەوە لە ملوانکە و بازن ... هتد، لە زێڕ و زیو و کانزای گرانبەها و دۆزینەوەی پاشماوەکانی گۆڕستانی ئور باشترین بەڵگەن، هەروەها هۆکارەکانی شەڕ لە تیروکەوان و قەڵغان و شمشێر ه ...هتد، لە کانزا دروست دەکران[٣]، هاوکات لە لقی دارخورما و سەبەتە و کورسی دروست دەکرد و هەر لەو دەمانەشدا فێری رستن و چنین و پیشەسازی مافور بوون، لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین سۆمەریەکان برەویان بە پیشەسازی دەستیدا وەك رستن و چنین وجۆرەکانی تر، ئامرازی کشتوکاڵی لە بەرد و کانزا و تەختە دروست دەکرد، لەگەڵ ئەوانەشدا پیشەسازی هونەری فێربوون کە بە پلەی یەك خزمەتی خوداوەندەکان و دوای ئەمانیش لە خزمەتی کۆشکی پادشاکانیان بووە، لە نموونەی ئەو پیشەسازیە هونەریانە دروستکردنی پەیکەر و سەکۆ و میل و تابلۆی بەردینی دیواری بووە[٤].

پیشەسازان هونەری نەخشاندنی ئامێرە کانزاییەکانیان گرتەبەر و لە سەردەمی سێیەمی دەرکەوتنی بنەماڵەکاندا ئەو هونەرە گەیشتە لوتکە[٥]، دەرباری کێشەی نێوان شارە دەوڵەتیەکانی سۆمەر و ململانێی گەلانی دراوسێیان ئەو کێشانەن بوونە کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتنی پیشەسازی، بەڵکو رۆژ بە رۆژ برەویان بەو لایەنە دا نەك لە بوارێکدا،

---

(١) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٤٣.

(٢) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٣٣.

(٣) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ...، س.پ، ل٤٢.

(٤) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٣٣.

(٥) محمود شاکر، س.پ، ل٦٢.

بەڵكو لە چەند بوارێكی رەوتی پیشەسازی دا، دوای ماوەیەك لە پیشەسازی مس توانیان ئاڵتون دروست بكەن[1].

سۆمەریەكان لە هەندێ بواردا دەیانزانی چۆن مسر و قەلآیی بەكاربینن و لە تێكەڵكردنی ئەو دووانە لەگەڵ یەكتری قورقوشمیان دروست دەكرد هەندێ كاتیش بە ئاسن كەلوپەلیان گەورەیان دروست دەكرد، بەلآم دیسان لای ئەوان ئاسن بۆ رازاندنەوە بەكاردەهات و زۆریش دەگمەن بوو، ئامرازی كاری سۆمەریەكان زۆرتر بە بەردی چەخماخ دروست دەكرا و هەندێ كەلوپەلەكان وەك داسیان بە قورەسوورە دروست دەكرد و شتە باریكەكان وەك دەرزی بە عاج یان ئێسك دروست دەكرد، بەرهەم هێنانی قوماشی پیشەیی باو بوو، و كەسانێك كە لەلایەن پادشاوە دەستنیشان دەكران و چاودێری ئەو كارەیان دەكرد[2].

سۆمەریەكان بە دروستكردنی ئەو جۆرە ئامراز و ئامێرانەشەوە نەدەوەستان كە لە نێو ماڵ و بۆ كاری رۆژانەیان بە كاردەهێنا، بەڵكو لە بواری گواستنەوەشدا كە ئەودەم بە گالیسكەی تەختە بوو پێچكەكانی لە تەختە دروستدەكرا (پێش ئەمان بە سەدان ساڵ پێچكەكانی لە بەرد دروست دەكران)، بە دوای ئەوە دا سۆمەریەكان توانیان لە پیشە سازی گلێنە پێچكە كە ئەوە بەیەكەم پێچكەی لەو جۆرە دادەنرێت لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دا، هەروەها لە داهێنانەكانی تری سۆمەریەكان داهێنانی شوشە بووە[3]، زۆربەی رستنە جوانەكان دەنێردران بۆ دەرەوە هەروەها پیشەسازی ئامێرە كشتوكاڵیە جۆربەجۆرەكانیش[4].

هەندێ پیشەسازی سەرەتا تایبەت بووە بە ئافرەتان، بەلآم دواتر بە تێپەڕبوونی سەردەمانێك ئەو پیشەسازیە بووە موڵكی پیاوان وەك پیشەسازی گلێنەسازی، وێڕای ئەو گۆڕانكاریانە هەندێك پیشەسازی هەر لە لای ئافرەتان مانەوە، وەك پیشەسازی بیرە، چەند پیشەسازیەك لە وڵاتی سۆمەر لە ئارادا بوون، پیشەسازی هەمەڕەنگی تری وەك

---

(١) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٣٤.

(٢) ویل دیورانت، س.پ، ل٢١٤.

(٣) عبدالخالد صابر، س.پ، ل١٣٥.

(٤) محمود شاكر، س.پ، ل٦٢.

پیشەسازی کردنی دانەوێڵە بە ئارد کە لە شاری (لەگش)دا باوی بووە، لە خورما مەییان دروستدەکرد، دواتر پیشەسازی ترێ بۆ ئەو مەبەستە هاتە ئاراوە، لەلایەکی تر پیشەسازی رۆن و پێستە و کەل و پەلی پێویستی وەك پۆشاك و پێڵاو و جانتا و قەڵغان و زین و کیفی خەنجەر و تورەگەی شمشێر دروست دەکران[1].

سەرەڕای ئەمەش پیشەسازان هەڵکۆڵین و نەخشاندنی مۆرە لولەییەکان و پیشەسازی قاچاخی گلێنە و پیشەسازیەکانی دیکەدا پیشەی چنینیان ئەنجامدەدا[2].

لەگەڵ ئەوەشدا پیشەسازی بۆیەی شینیان زانیوە لە کابۆناتی مس دروستیان دەکرد، لە بواری داڕشتنەوەی کانزاکان سۆمەریەکان یەك لەو نەتەوانە بووە زیاد لە نەتەوەکانی هاوسەردەمی چێشکەوتوو تر بووە "ئەمانە قاڵبیان دروست کردوە بۆ پیشەسازی تەور و گاسن جۆری تری لەوانە، سەبارەت بە پیشەوەرە سۆمەریەکان هەر کۆمەڵەیەکیان لە بوارێکدا شارەزا بوون،ئەمانە تەنانەت ئەو ماددەیەشیان زانیوە کە سابوونی لێ دروست دەکرا کە لە کەرەستەی چەوری و پێکهاتەی تفتی بوو[3].

---

(١) عبدالخالد صابر، س.پ، ل ل ١٣٥-١٣٦.

(٢) محمود شاكر، س.پ، ل٦٢.

(٣) عبدالخالد صابر، س.پ، ل ل ١٣٦-١٣٧.

## تەوەری سێیەم : چەند لایەنێکی شارستانیەتی سۆمەریەکان

### باسی یەکەم : داهێنانی نووسین

زمان وەك هۆیەك بۆلەیەك گەیشتنی مرۆڤ لەیەکتری گرنگترین دیاردەیە لەژیانی مرۆڤدا هەر بۆیەشە بەبالآترین کەرەستەی شارستانی دادەنرێت[1]، ئەو پێشکەوتنە مەزنەی کە لە مێژووی شارستانیەتیدا گەورەیی و نرخێکی زۆری بە سۆمەریەکان بەخشی، داهێنانی نووسین بوو[2]، نووسین گرنگترین داهێنانی عێراقیە کۆنەکان بووە پێش هەموو شارستانێتیەکانی تری مرۆڤایەتی کەوتن، بە جۆرێك هەتا نزیکەی دوو سەدە پێش نووسینی هیرۆگلیفی میسرپیەکانیش بووە[3].

سەرسوڕهێنەرترین شتێك کە لە سۆمەریەکان ماوەتەوە خەتی نووسینی ئەو خەڵکەیە سۆمەریەکان خەتێکی تایبەت بە خۆیان داهێنا کە لە رێگای ئەوەوە دەیانتوانی هزرو فکری بەر بلأو ئالۆزی خۆیان لەبارەی بازرگانی و شیعر و ئایین بخەنەروو[4].

نووسینی سۆمەری بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە :

یەکەم/ وێنە، لە وێنەکردنی ئەو شتە ماددیانەی کە تەعبیری لێ دەکرا.

دووەم/ هێما، واتە شتەکان بە هێما دەردەبڕدران، وەك وێنەی دەم بەرامبەر بە بابەتی خواردن دادەنرا.

سێیەم/ قۆناغی دەنگ، بۆ نموونە ئەگەر باران بنوسرایە ئەوا یەکەم بڕگە ئەویان دەنووسی و دووەم بڕگە (ئاسمان) کە بە واتای ئاوی ئاسمان دەهات[5].

سۆمەریەکان (پەپیرۆس) (نبات البردی)یان نەبووە بەکاری بهێنن، وەك ئەوەی میسریەکان بەکاریان دەهێنا بەڵکو نووسینی ئەمان بە پەستاوتنی قامیشێکی شێوە (٧) لەسەر تاتەقوڕێکی تەڕ دەنووسرا، کاتێك تاتەقوڕەکە وشك دەبوویەوە نووسینەکە وەکو

---

(١) هاوڕێ باخەوان، کوردستان ... نیشتمانی یەکەمی سۆمەریەکانە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣ز، ل٦٦.

(٢) دان ناردۆ، س.پ، ل٢٦.

(٣) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ...، س.پ، ل٢٢.

(٤) ویل دیورانت، س.پ، ل٢٢٤.

(٥) عبدالخالد صابر، س.پ، ل ١٥٢.

شوێن (چنگی مریشك) دەردەکەوت، ئەم نووسینەش پێی دەووترا: (cune:form)، لە لاتینیدا واتا: (شێوە مێخ – بزماری)(١).

ئەم نوسینانەش لە سەرەتادا لەسەر قوڕی سورە کراو پاش وشك بوونەوەی دەبووە ماددەیەکی خۆگر و بەهێز، کە ژمارەیەکی زۆری ئەو لەوحانەی (نزیکەی ٣ هەزار ساڵ پێش زایین) کەتا ئەمڕۆش ماونەتەوە، ئەم جۆرە لەوحانەیە کە بە (تەتە بزماریەکان) ناو دەبرێت، کە جیاوازیەکی زۆریان هەیە هەندێك لەوانە کەم تا زۆرێك شێوەی هێلکەیان یاخود خڕیان هەبووە، هەندێکی دیکەیان شێوەی سەربینی و هەندێکی دیکەشیان بە تایبەتی کۆنەکانیان تا رادەیەکسێگۆشەن(٢).

پێشکەوتنی شارستانیەت و دروست بوونی لە ئەنجامی داهێنانی نووسین بوو، چونکە هەر بەهۆی نووسین زانیاریەکانی بواری زانست و ئەدەب و بوراەکانی تر ئەوە لەدوای ئەوە ماوەتەوە(٣)، نووسراوی سۆمەری لە چەپەوە بۆ راست دەخوێندرایەوە، لەماوەی چەندین سەدە نووسین تەنیا ئامرازێك بۆ بازرگانی کردن بوو بەو گرێبەست و بەڵگەنامانە و شێوەی کاڵای گواستراوە لە رێگای کەشتی و وەسڵ و هتریان دەنووسی، رەنگە پێشتر بۆ تۆمارکردنی یاداشت و راپۆرتە ئایینیەکان و پاراستنی تەلیسمی ئەفسانەکان و بانگەشەکردن و چیرۆکی ئاینیش سوودیان لە خەتی نووسین وەردەگرت(٤).

نووسین زامنی گواستنەوەی ئەزمونی نەوەیەك بۆ نەوەی دوایی و گواستنەوەی بەپەلەی زانست بوو بەم جۆرە رۆڵی زۆر بەرچاوی هەبوو لە گەشەپێدانی بەپەلەی کۆمەڵگادا، جگە لەوە لە رێگەی نووسینەوە بەشێك لە شوێنەوارە دێرینەکان و مێژووی

(١) دەنیا و ئیدۆن، ڕێبەرێکی خێرا و ئاسان بۆ مێژووی جیهان، و: جێگر سەلام، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٩، ل٢٥.

(٢) یوسف مەجید زادە، س.پ، ب١، ل١٦٢.

(٣) ئەحمەد ئیحسان، پەیدابوونی نووسینی مێخی و قۆناغەکانی شی کردنەوەی هێماکانی، گۆڤاری شانەدەر، ژ.٨،ل٢٤.

(٤) ویل دیورانت، س،پ، ل٢٢٦.

ڕووداوەکان بەناو و شوێن دەمانەوە کۆمەڵگایەك خاوەنی نووسین بێت لە مێژوودا دەمێنێتەوە[١].

## باسی دووەم : داهێنانی مۆری لوولەیی

دوای ئەوەی مرۆڤ لە کۆتایی چاخی بەردینی ناوەڕاست بە شێوەیەکی سەرەتایی و سنوردار فێری کشتوکاڵ کردن و ئاژەڵ بەخێوکردن بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ئەقڵ دا بهێنێت و ڕەورەوی شارستانیەت بەرەو پێش چوو، مۆری لوولەیی بە یەکێك لە گرنگترین دیاردە شارستانیەتەکانی تایبەت بە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار دادەنرێت کە بە درێژایی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا بەکارهاتووە[٢].

سیمایەکی تری تایبەت بە شارستانیەتی وادی ڕافیدین (مۆرە – خەتم) بە هەردوو جۆرەکەی (ڕووتەخت و لوولەیی)ەوە[٣] مۆری لوولەیی ئامازەیەك بوو لە پارچەیەکی بچووکی شێوە لوولەیی کە قەبارەکەی لە قەبارەی سەرە پەنجەیەك تێنەدەپەڕی[٤]، مۆری لوولەیی کە بە شێوەی درێژی لە ناوەڕاست کونکراوە بە مەبەستی هەڵواسینی بەملەوە لە ڕێگەی داوێك یان پەتێك یان زنجیرێکی کانزایی لەسەر ڕووی مۆرە لوولەییەکان وێنەکان بە یارمەتی جۆر بە جۆرەکانی هەڵکۆڵین بە شێوەیەکی پێچەوانە هەڵدەکۆڵران[٥].

کردارەکە ئەوها بوو ناو و ناسنامەی خاوەنەکەی بە پێچەوانەیی لەسەر تابلۆیەکی قوڕی تەڕ دادەنرا، لە کۆتاییدا ناو و ناسنامەکە بە شێوە ڕاستیەکەی دەردەکەوت، هەر نوسینێك مۆری پێوە بوایە ئەوا ئەو نوسینە وەك بەڵگەنامە و واژووی تایبەتی لەسەرکراو دادەنرا[٦].

---

(١) ئیزاك ئاسیمۆڤ و فرانك وایت، مێژووی شارستانیەت، و:حامید گەوهەری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٥.

(٢) ئارام جەلال، داهێنان و دروستکردنی مۆری لوولەیی لەلایەن سۆمەریەکان، چاپخانەی منارە، ژ ١٠، هەولێر، ٢٠٠٩ز، ل ل٥٩–٦٠.

(٣) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ....، س.پ، ل٢١.

(٤) محمود شاکر، س.پ، ل٣٤.

(٥) ئارام جەلال، س.پ، ل ل٦٤–٦٥.

(٦) کەلسومە جەمیل، مێژووی کۆن ....، س.پ، ل٢١.

**مۆری لوولەیی بە یەکێك لە داهێنانەکانی سۆمەریەکان دادەنرێت[١]، هەرچی قەبارەی مۆری لوولەییە ئەوا بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی هەبووە، هەندێکیان قەبارەیان یەکجار گەورەیە، بەڵام هەندێکیان یەکجار درێژ و تیرە باریکن، هەندێکیان قەبارە بچووکن[٢].**

**مەبەست لە بەکارهێنانی مۆر پارێزگاری کردن بوو لە موڵك و سامانەکان بە جۆرێك ماددە گرانبەهاکان لە قاپێکدا دادەنران و دەمی قاپەکە بە پارچە قوماشێك دادەپۆشرا، دواتر بە قوڕی خەست دادەپۆشرا ئینجا مۆرەکەی لەسەر دەپەستێنرا و مۆرەکەی لەسەر دەردەچوو[٣].**

**هەرچی ئەو ماددەیەی کە مۆری لوولەیی لێ دروست دەکرا ئەوا بە شێوەیەکی گشتی بەردە، سەرەڕای ئەمانە ئەوا هەندێك مۆری لوولەیی هەیە کە لە قوڕی سوورەکراو، سەدەف و گوێچکە ماسی و شاخی فیل (عاج) هەویری فەرت، کانزای زێڕ یان زیو و مس دروست کراوە، هەندێك جۆری مۆری لوولەیی هەیە کە هەردوو جەمسەرەکەی بە ماددەیەکی کانزایی وەك زێڕ یان زیو داپۆشراوە ئەم بەرگە کانزاییەش نەخشی ئەندازەیی جوانی لەسەر هەڵکەندراوە بەکارهێنانی ئەم مۆرانە بە پێی بەرزی پلەی کۆمەڵایەتی کەسەکە بووە، بەڵام دۆزینەوەی مس لە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زایین ئامێرەکانیان لە مس دروست دەکرد[٤].**

**لە گرنگترین شێوازەکانی نەخشاندن و هەڵکۆڵینی دیمەنەکانی سەر رووی مۆری لوولەیی ئەمانەن:**

**١- شێوازی بڕین** (cutter style):

**ئەمەش بریتی یە لە کۆنترین شێوازی دروستکردنی مۆری لوولەیی، کە تیایدا ئامێرێکی تیژ بەکاردێت بۆ بڕینی ئەو بەشەی کە دەمانەوێت نەخشەکەی لەسەر هەڵبکۆڵین.**

---

(١) هاری ساكز، عظمة بابل (موجز حضارة بلاد وادي الرافدين القديمة)، ت: عامر سليمان ابراهيم، جامعة موصل، ١٩٧٩، ص٤٦.

(٢) ئارام جەلال، س.پ، ل ل٦٥-٦٦.

(٣) محمود شاكر، س.پ، ل٣٥.

(٤) ئارام جەلال، س.پ، ل ل٦٦-٦٨.

**٢- شێوازی داماڵین (تعذیر):**

**لەم شێوازە ئامێرێکی نووك تیژ بەکاردێت، ئەو وێنەیەی کە نەخشەی بۆ کێشراوە لەسەر رووی بەردەکە (مۆرەکە) بەشێوەیەکی بەردەوام لێی دەخشێنرێت و بە هێواشی بەشە دیاریکراوەکەی رووی بەردەکە دەماڵێت و هەڵیدەکۆڵێت.**

**٣- شێوازی کون کردن، دریڵ (Drilling):**

**لەم شێوازەدا ئامێرێکی کونکەری نوك تیژ بەکاردێت لەسەر رووی مۆرەکە هەندێك بەشی سەرەکی وێنەکە دیاری دەکرێت و هەڵدەکۆڵرێت[١].**

**هەندێك لە تێکستە مێخیەکان و پاشماوە شوێنەواریەکان تەئکید لەسەر بوونی وەستای تایبەت بۆ دروست کردنی مۆری لوولەیی دەکەنەوە، وەستای دروستکەری مۆری لوولەیی بە ( بور – گوڵ / BUR-GUL) ناودەبرێت ئەمەش بەم مانایە دێت، دروستکەری بەرد، بەرد هەڵکۆڵەر، نەخش کردنی مۆر[٢]، مۆرە لوولەییەکان رۆڵ دەبینن لە دیاری کردنی ماوە ژیاریەکاندا هەر ماوەیەك شێوەیەکی تایبەتی مۆری هەیە[٣].**

**مۆرەکان لە مۆرکردنی تابلۆکانی نووسینە مێخیەکانی تایبەت بە کاروباری رۆژانە (بازرگانی، دارایی، ئابوری، یاسایی، سیاسی)ئەگەر تابلۆ مێخیەکانی تایبەت بە بواری بازرگانی مۆری خاوەنەکەی لەسەر نەبێت ئەوا بە یاسایی دانانرێت[٤]، زۆربەی نامەکان (بەتایبەتی نامە نێودەوڵەتیەکان) ئەوا دەبوایە تەمغەی مۆری پاشا یان حاکمی دەسەڵاتداری پێوە بێت بۆ ئەوەی بە یاسایی لە قەڵەم بدرێت[٥].**

**تەمغەی مۆری لوولەیی زۆر گرنگ بووە کە لە گشت کاروبارێکی ژیانی رۆژانەی وەك کڕین و فرۆشتن و بەکرێدان و قەرز وەرگرتن و قەرزدان بەکار دەهات[٦]، مۆری لوولەیی لە بواری ئاینی یەوە رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بیروهۆشی مرۆڤی کۆنی وڵاتی نێوان دوو**

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

(٢) ئارام جەلال، س.پ، ل ل٧٠-٧١.

(٣) محمود شاکر، س.پ، ل٣٥.

(٤) ئارام جەلال، س.پ، ل ل٧٢-٧٣.

(٥) فاضل عبدالواحد علی، من الواح سومر الی ثوراة، بغداد، ١٩٨٩، ص٨١.

(٦) ئارام جەلال، س.پ، ل ل٧٤-٧٥.

رووبار، ئەمەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە هەندێك لە نووسراوە مێخیەکان ئاماژەی پێکراوە[1].

دەتوانین سوودەکانی مۆری لوولەیی لە بەدەرخستنی دیاردە شارستانیەکانی وولاتی نێوان دوو رووبار بەم شێوەیە بخەینە روو:

١- بەهۆی نەخشەی هەڵکۆڵدراوەکانی سەر مۆرە لوولەییەکان توانیمان شێوەی کۆنترین جۆری پەرستگا لە عێراقی کۆن بزانین[2].

٢- زانینی دیمەنی خوداوەندەکان و هێماکانیان و روونکردنەوەی چەند دیمەنێك و لایەنێکی مەراسیمە ئایینیەکانی ئەو کات[3].

٣- جۆری ئەو ئاژەڵانەی کە مرۆڤ لەو کات بەخێوی دەکرد و هەروەها ئەو کەل و پەلانەی رۆژانە بەکاری دەهێنا ئەو کەل و پەلانەی دروستی دەکرد[4].

٤- بەدەرخستنی هەندێك لایەنی تایبەت بە ئەفسانە کۆنەکان[5].

٥- بەدەرخستنی شێوازی جل و بەرگ و کەل وپەلەکانی تری ئەو سەردەم، چونکە هەر یەکە لە پاشا و کاهن و کۆیلە ئافرەتەکان جلی تایبەت بە خۆیان هەبووە[6].

٦- هەندێك دیمەنی دروستکردنی زەقورە لەسەر رووی مۆرەکان تۆمارکراوە، کە ئەمەش سوودێکی زۆری هەبوو[7].

## باسی سێیەم : هونەری بیناسازی

هونەری بیناسازی ئەم هونەرە لە کۆندا نەك لەلای نەتەوەی سۆمەر بەڵکو لەلای گەلانی دیکەی ناوچەکە و دووریش گرنگیەگی زۆری پێدراوە، هەروەك لای فیرعەونەکان

(١) ريا محسن عبدالرزاق يونس، الكتابة على الأختام الأسطونية غير المنشورة في المتحف العراقي، رسالة ماجستر، ، بغداد، ١٩٨٧، ص ص٥٢-٥٣.

(٢) أندري بارو، سومر فنونها و حضارتها، ت: عيسى سلمان و سليم التكريتي، ، بغداد، ، ص ص١٢٢-١٢٣.

(٣) أنطون مورتكات، الفن في العراق القديم، ت: عيسى سلمان و سليم طه التكريتي، مطبعة الأديب، بغداد، ١٩٧٥، ص ص٤٠-٥٤.

(٤) رضا جواد الهاشمي، أثار الخليج العربي والجزيرة العربية، ، بغداد، ١٩٨٤، ص١٤٧.

(٥) ئارام جەلال، س.پ، ل٧٧.

(٦) ريا محسن عبدالرزاق يونس، م.س، ص٣٦.

(٧) ئارام جەلال، س.پ، ل٧٧.

و فینیقیەكانیش ...هتد، لە ولأتی سۆمەردا لە دەوروبەری ٣ سێ هەزار ساڵ پێش زایین لە شاری ئوروك كۆمەڵێكی ناوازە لە بینا دەركەوتن كە تاوەكو ئەمڕۆش مەزنترین كاری بیناسازین زۆرترین كاریگەریشیان هەبووە[١]، سۆمەریەكان لە پێش هەموانەوە شێوازی بنەمای خانوو پەرستگە و ستوون و گومەز و تاقیان داڕشتووە[٢].

سۆمەریەكان هەروەك دانیشتوانی تری عێراق خانوەكانیان لە خشت بووە، ئەو خشتانە لە قالبی چوارلا دروست دەكران لەبەر ڕۆژ وشك دەكرانەوە، سەربانیماڵەكان ڕێك بوو لە قەدی دار خورما و دواتر بە قوڕ چەسپیان دەكر، دەرگاكانیان لە بەرد بوو، كۆڵەگەكان كە بنمیچەكەی پێڕادەگیرا زۆر ناوازە بوون[٣].

جووتیاری سۆمەری بۆ دروستكردنی خانووی خۆی هەندێ قامیشی بە شێوەی چوار گۆشە و لاكێشەیی یان بازنەیی دەچەقاندەوە زەوی و بەشی سەرەوەی ئەو قامیشانەی دەچەماندەوە و دەیبەستن بە یەكترەوە هەتا لەو كەوان یان تاقێك یان گومەزێك دروست بێت، دەتوانین بڵێین كە سەرەتای سادە و ساكاری لانیكەم یەكەمین سەرهەڵدانی ناسراوی ئەم شێوازە لە بیناسازی بووە، لە گۆڕی پاشاكانی ئوردا هەندێ تاق و گومەز دەبینرێت كە مێژوویان بۆ (٣٥٠٠) ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە[٤].

لە كۆتایی چاخی بەرەبەیانی بنەماڵەی یەكەمدا، بینای گشتی و پەرستگا دەركەوتن، ئەم تەلارە گشتیانە لە شێوەی كۆشكی مەزن دابوون بینای بایەخدار بوون كە بە هونەری جوانكاری ڕازێنرابوونەوە[٥].

لەبەر ئەوەی بەرد لە سۆمەر كەم بوو، زۆربەی ئەم كۆشكانەیان لە خشت دروست دەكرد دیوارە سوورەكانی ئەوانیان بە شێوەی پێچ پێچۆكە و سێگۆشە و ژێر تاق و لاكێش و

---

(١) أنطون مورتكات، م.س، ص١٩.

(٢) ویل دیورانت، س.پ، ل٢٣٦.

(٣) سیتون لوید، اثار بلاد الرافدین، ت: سامی سعید احمد، دار الرشید للنشر، بغداد، ١٩٨٠م، ص١٢٨.

(٤) ویل دیورانت، س.پ، ل ل ٢٣٦-٢٣٧.

(٥) طه باقر، مقدمة في الحضارات القدیمة، ب.ط ، بغداد، ١٩٧٣، ص ص٤٨٢-٤٨٣.

**هتد دەڕازاندەوە، دیوارەکانی ناوەوەیان بە گەچ دادەپۆشی پەنجەرە وەك جوانکاری سەیر دەکرا[1].**

**لە سەرەتای تەلارسازی سۆمەری دا، یەك لەو دیاردە مەزنە ناسراوانەیان ئەوەیە، کە لەگەڵ کەرەستەی خشت (کە توخمێکی بنەڕەتی هونەری بیناسازی سۆمەری پێك دێنێت) ئەو خشتە لەگەڵ دەروونی مرۆڤی رۆژهەڵاتی نزیك و هەڵسوکەوتی لە ژیانیدا دەگونجێت[2].**

**هەروەها لەکاتی هاتنی بنەماڵەی ئوری سێیەم بۆ دەسەلاّت گرنگی زۆر بە بیناسازی دراوە لە سەردەمی ئەم بنەماڵەیە سەرەکیترین چالاکی بیناسازی لە شاری ئوروگدا دروستکردنی زەقورە بووە[3].**

## باسی چوارەم : زەقوڕە ( پەرستگای بەرز )

**دروست کردنی زەقوڕە یەکێکە لە داهێنانە گرنگەکانی سۆمەریەکان، زەقوڕە شوێنێکی ئاینی بووە[4]، زەقوڕە (ZIQURATV) هەر چەندە مەزنترین پەرستگا و بڕبڕەی پشتی ئاینی سۆمەری یەکانەوە، دەچێتە نێو باسی ئاینی سۆمەریەکانەوە، پەرستگای بەرز یاخود بورگ لە بابلی دا پێی گوتراوە (زیکوڕتۆ) کە واتای بەرز و بڵندیی گەیاندووە، زەکووڕە هەر لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین لەناو سۆمەری یەکاندا باوی بووە، ئەم زەقوڕانە بە شێوەیەکی ئەندازەیی زۆر رێك وپێك دروستکراون و بەرزی هەندێکیان (٦٠)مەتر بووە هەندێکی تریشیان زیاتر بووە لە زۆربەی شارە سۆمەری یەکاندا زەقوڕە هەبووە کە هەریەکەیان پەرستگای جۆرە خوداوەندێك بووە[5].**

**سەبارەت بە باشوری عێراقیش ئاوی ژێر زەوی و لافاوەکان کاریگەریان لەسەر پێکهاتەی پەرستگەکان هەبووە، ئاوی ژێر زەوی کە هەندێك جار پێیەك یان دوو پێی لە رووی زەوی نزیك بووە کاریگەری لەسەر دیواری پەرستگە و بەشەکانی دیکەی هەبووە،**

---

(١) ویل دیورانت، س.پ،ل ٢٣٧.

(٢) انطون مورتکات، م.س، ص٢٠.

(٣) یوسف مەجید زادە، س.پ، ل٢٩٣.

(٤) http://books.google.iq

(٥) هاوڕێ باخەوان، س.پ، ل١٢٦.

لافاوەکانیش جار جارە باشوری عێراقی دادەپۆشێت، ئەو هۆکارانە وایکردووە کە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە بەسەر ئەو بارودۆخەی ژینگە زاڵ بێت کە هەڕەشە لە خانوو و شوێنە پیرۆزەکانیان دەکەن، بۆیە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پەرستگەکانیان لەسەر سەکۆیەك دروستبکەن کە هەندێك لەرووی زەوییەوە بەرزتر بێت[١].

هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان بۆچونی جۆرا و جۆر یان لەبارەی ئەم زەقورانەوە هەیە، هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان باوەڕیان وایە شوێنی سەرەکی سۆمەریەکان ناوچە شاخاویەکان بووە خوداکانی خۆیان لە بەرزایەکانەوە پەرستووە ئەم بورجانەش وەك نیشانەیەکی دەستکردی شێوەی شاخەکان لە دەشتە تەخت ونزمەکانی میزۆپۆتامیا دروستکردووە بۆ پەرستنی خوداکانیان، هەندێکی دیکە پێیان وایە کە مەبەستی سۆمەریەکان لە دروستکردنی ئەم زەقورانە بەرزکردنەوەی خوداوەندنی سەرەکی شارەکە و زاڵ کردنی بووە بەسەر خوداوەندەکانی دیکەدا[٢].

هەندێکی تر پێیان وایە کە مانایی بەرزیی و شکۆمەندی دەگەیەنێت بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەو ناوەیە کە لەو جۆرە باڵەخانانە نراوە، ئەویش (زەقورە)یە، کە مانای شکۆ و بەرزیی دەگەیێنێت، دانیشتوانی میزۆپۆتامیا بۆ دیاریکردنی کاتی ساڵژمێری مانگیان بەکارهێناوە، بینینی مانگی یەك شەوەش پێویستی بە شوێنی بەرز هەبووە، بۆیە لایەنگرانی ئەو بۆچوونە پێیان وایە زیادبوونی چین نهۆمی پەرستگەکان بۆ ئەو مەبەستە بووە[٣].

لەو زەقورە بەناوبانگانە کە تاوەکو ئەمڕۆ مابێت زەقورەی (ئور)ە کەلە سێ نهۆم پێکهاتووە و، بەڵام بەرزایی ئێستای ئەم زەقورەیە نزیکەی (٢٠)مەترە، لەلایەکی تر پەرستگا دروستکردن لە شوێنی بەرز ئەدگاری جیاکەرەوەی شارستانیەتی عێراقی کۆن

(١) ئەحمەد ئەمین سەلیم: مێژووی کۆنی میسر و عێراق، و: فەیسەل خەلیل، چاپخانەی رۆژهەڵات، (هەولێر–٢٠١٤)، ل٤٥٣.

(٢) یوسف مەجید زادە، س.پ، ب١، ل٢٩٤–٢٩٥.

(٣) ئەحمەد ئەمین سەلیم، س.پ، ل٤٥٣.

بووە، زەقورە لە دوو چین پێکهاتبوو دیوارەکانیان بە وێنەی رەنگا و رەنگی جوان کێشرا بوو بە تایبەتی وێنەی ئاژەڵ وەك شێر و پڵنگ و هتد ..[1].

زەقوورە شوێنێکی زۆر پیرۆز بووە لەلایەن سۆمەریەکانەوە لەبەر ئەوەی پەیکەری بەناوبانگترین خوداوەندەکانیانی تێدا بووە، هەروەها شوێنی نزا و پاڕانەوە وتەنانەت حەجکردنی کۆمەلآنی خەڵکی سۆمەر بووە تیایدا قوربانیەکانی خۆیانیان پێشکەشی خوداوەندەکان کردووە، ئەم زەقورانە لە سێ نهۆم یاخود حەوت نهۆم پێکهاتووە کە هەر نهۆمەی کارێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە[2].

هەروەها زەقوورە بۆ چاودێری کردنیش سوودیان لێ بینراوە وەك زانینی هێرشی دوژمن یان گەڕانەوەی کاروانی بازرگانی[3]، گەشتن بە زەقورە لە رێگای سێ پلیکان دەبێت کە هەریەکەیان سەد پێ دەبێت، لە بنکە نزمە زەقورەدا چەند ژوورێك هەبووە پەرژینیان لە دەورە بووە، لە دۆزینەوەی هەندێ زەقورە دا ئەوە دەرکەوتووە دەبێت چینە جیاوازەکان رەنگاورەنگ بوو بێت[4]، زەقورەکانیش لەو سەردەمە هەریەکە ناوێکی تایبەتی خۆی هەبووە بۆنمونە زەقورەی ئور پێیگوتراوە (خانووی زەبابا و ئینینای بڵند کە لووتکەکانی لە ئاسماندایە) بەناو بانگ بوو، هەروەها بە زەقورە کیشیان گوتووە (خانووی چیا)[5].

## باسی پێنجەم: بیر و باوەڕی ئایینی سۆمەریەکان

ئایین رۆلێکی زۆر ترسناکی لە ژیانی رۆژانە و مێژووی سۆمەریەکان دا بینیوە، مرۆڤی کۆن بە ئایینی ترین کۆمەڵگەی مێژوو دادەنرێت، بوونی ئەو هەموو پەرستگا و خوداوەند و پەیکەر و زەقورانە ئەم راستیەمان بۆ دەردەخات[6]، کۆمەڵگای سۆمەری لە دەور پشتی پەرستگاکان دامەزرا[7]، خوداوەندەکانی میزۆپۆتامیا درەختێکی خێزانی (شجرە) زۆر

(١) کەلسومە جەمیل: مێژوویی کۆن ....، س.پ، ل٢١.
(٢) هاورێ باخەوان، س.پ، ل١٢٨.
(٣) کەلسومە جەمیل: مێژوویی کۆن ....، س.پ، ل٢٠.
(٤) ئەحمەد ئەمین سەلیم، س.پ، ل٤٥٤.
(٥) هاورێ باخەوان، س.پ، ل١٣٦-١٣٧.
(٦) هەمان سەرچاوە، ل١١٩.
(٧) دانا ناردۆ، س.پ، ل٣٠.

ئاڵۆزە و نا ئاساییان هەبوو[(١)]، سۆمەریەکان و ئەکەدیەکان لە دەقە ئایینەکانیان یان لە هۆنلراوە جۆراوجۆرەکانیان پێگەی مرۆڤیان بە شێوەی جۆراوجۆر خستۆتە روو، بەڵام هەموویان لە خاڵێکی بنەڕەتی یەك بۆچونیان هەبوو، ئەویش دروستکردنی مرۆڤە لە قوڕ و ئامادەکردنیەتی بۆ خزمەتکردن بە خودا[(٢)]، بیری ئایینی لە عێراقی کۆندا لە ژێر کاریگەری رەگەزە ژینگەیی و مرۆییەکان بووە بەتایبەتی لەو ناوچەیەدا[(٣)].

سۆمەرییەکان خوداوەندی زۆریان پەرستووە کە زیاد لە (٢٠٠٠) خوداوەند بووە، مومارەسەی ئایین و ئەفسانەکانیان لەسەر بنچینەیەکی زیندووانە بووە (پیرۆز راگرتنی ئاو و ئاگر و رۆژ) تەوتمی ئەو ئاژەڵانەی کەبە خوداوەندە جۆربەجۆرەکانەوە لکێنران، لە چیرۆکی ئەفراندنی بابلی ناوی چەند خوداوەندێکی کۆن هاتووە کە ناوی خوداوەندە گرینگەکانی سۆمەری دەردەخات لەوانە ( ئینتشار – کیشار – لخمو )[(٤)].

مرۆڤی سۆمەری هەر لەسەرەتاوە رووبەڕووی ژینگەیەکی ناجێگیر لە رووی خاك و ئاو بە دەریا و رووبارەوە، لە رووی ئابووریشەوە زیانێکی زۆری پێگەیشتووە، بۆیە مرۆڤی سۆمەر بۆ هێزە شاراوەکانی چاکە و خراپە گەڕاوە[(٥)]. سۆمەریەکان زیاد لە گەلانی دراوسێیان بایەخیان بە ئایین و دروستکردنی پەرستگاکان داوە بۆ ئەو بوارە سامانێکی زۆریان خەرجکردووە[(٦)].

**لە گرنگترین ئەو خوداوەندانەی کە سۆمەریەکان پەرستویانن:-**

١- ئانۆ (Anu): خوداوەندی ئاسمان، گەورەترین خوداوەند بووە لای سۆمەریەکان، ئەم خوداوەندە شوێنی پەرستنی لە شاری وەرکا بوو لە پەرستگای سپی، لەسەردەمیً پێی وتراوە (An) لە سەردەمی ئەکەدی بووە بە (Anu).

(١) دەنباو ئیدۆن، س.پ، ل٢٨.

(٢) یوسف مەجید زادە، س.پ، ب٤، ل٦٦.

(٣) ئەحمەد ئەمین سەلیم، س.پ، ل٤١٢.

(٤) عبدالخالد صابر، س.پ، ل٧١.

(٥) ئەحمەد ئەمین سەلیم، س.پ، ل٤١٤.

(٦) عبدالخالد صابر، س.پ، ل٧٢.

٢- ئەنلیل (Enlil): خوداوەندی هەوا و گەردەلول بووە، ناوەندی پەرستنی لە شاری (نفر) بووە لە پەرستگا بەناوبانگەکانیشی (ای-گور)ە.

٣- ئەنکی: خوداوەندێکی گەورەی سۆمەریەکانە کە خوداوەندی دانایی و زانست و زانیاری یە کە ناوەندی پەرستنی لە شاری ئەریدۆیە، سۆمەریەکان پێیان ووتوە (ئابسۆ) هێمای ئەم خوداوەندە نیوەی مرۆڤ و نیوەی ماسی بووە.

٤- نفرساگ (niphursag): خوداوەندی دایکە کەلە یەکەم پەرستراوەکانی مرۆڤە سەرچاوەی ژیان نوێبوونەوە و ئاوەدانی بووە.

٥- نرگال: بە مانای دەسەلاّتی شاری گەورە یان دۆزەخ دێت کە هەڵگری ناوی ایرا بووە، بنکەی پەرستنی شاری کوت (تەل ابراهیم) بووە.

٦- ئوتو: خوداوەندی خۆر، لای دانیشتوانی وولاّتی نێوان دوو رووبار نیشانەی یەکسانی و راستی و یاسا بووە، شوێنی پەرەستنی لە شاری (سپار) و لە (لارسا) بووە، هەروەها خوداوەند ئینانایان یاخود (اوەندر عەشتار)یشی پیێ دەڵێن.

٧- نناریسین: واتە خوداوەندی مانگ و شوێنی پەرستنی لە شاری ئور بووە.

٨- نینورتا: نینورتا خوداوەندی جەنگ بووە لە زۆربەی ئەفسانە سۆمەریەکان ناوی هاتووە، شوێنی پەرستنی لە شاری (نفر) بووە[١].

ئەو بیروباوەڕە ئایینیانەی کە سۆمەریەکان بلاّویان کردبۆوە بۆ ماوەیەکی زیاتر لە سیێ هەزار ساڵ دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی لە ژیانی گشتی و تایبەتی میزۆپۆتامیادا هەبوو[٢].

هەبوونی پەرستنی چەند خوداوەندێك لە یەك کاتدا و لە یەك شارە دەوڵەت لە ئارا دابووە و ئەم دیاردەیە تا ئەندازەیەك لە ولاّتی سۆمەر و لە چاخی بەرەبەیانی بنەماڵەکاندا بینراوە، هەر خودایەك دەلالەتی لە ماددەیەکی گەردوونی یاخود

(١) www.kurdzhin.net

(٢) دان ناردۆ، س.پ، ل٢٩.

**دیاردەیەکی سروشتی دەکرد[1]، خوداوەندەکانی سۆمەری نوێنەرایەتی دیاردەکانی کەش وهەوا دەکەن[2].**

**ژمارەی زۆری خوداکان و ناوەکانیان بۆتە جێی سەرنج و راکێشانی زۆر لە زانایانی شوێنەوار و مێژوونوسان کە چۆن سۆمەریەکان توانیویانەبۆ هەر خوایەك پەیکەرێك دروست بکەن و چۆنیش توانیویانە خواکان پۆلێن بکەن[3].**

**مرۆڤی عێراقی لە کۆندا بۆ هەموو مرۆڤەکان باوەڕی بە حەتمی بوونی مردن هەبووە، مردن بەلای ئەوانەوە لە سروشتی مرۆڤ و پێکهاتەکەی دابووە، مرۆڤ کە دروست دەبێت ژیان مردنی لەگەڵ خۆی دەبات[4].**

**سەبارەت بە وشەی دۆزەخ لە هەندێك ئەفسانەی سۆمەریدا ناوی هاتووە، ئەویش دابەزینی مرۆڤە لە دوای مردن لە جیهانی سەرەوە بۆ جیهانی ژێرەوە کە تاریکە و جوڵەی مرۆڤ تیایدا وەستاوە و بێ دەنگی باڵی بەسەردا کێشاوە[5].**

**بیرکردنەوەی سۆمەریەکان لەبارەی رەوشی مردووله جیهانی خواروو ئاڵۆزە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە جیهانێکی ترسناکیان زانیوە و پێیان وا بووە کە مردووەکان یەکسانن، ئەوان بڕوایان بە پاداشت و سزا نەبووە، لەلای ئەوان نە بەهەشت هەیە نە ئاگر، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ئەو وێنە تاریکەیان جوان کردووە، وەك ئەوەی لە بەشێك لە شوێنەوارەکانیان دەردەکەوێت بە تایبەتی لە تابلۆی دوانزەمی داستانی گلگامێش، کە هەندێك مردوو هەیە چاکە و کارە باشەکانیان وەردەگرنەوە، ئەوانەی لە منداڵی مردوون بە تایبەتی کوڕەکان لەگەڵ ئەو کەسانەی بەردەوام قوربانیان بۆ دەکرێت لەو جیهانەدا ژیانێك دەژین کە جۆرێك لە ئاسودەیی تێدایە و ئاو و خۆراکیان پێ**

---

**(١) عبدالخالد صابر، س.پ، ل٧٨-٨٢.**

**(٢) ئەحمەد ئەمین سەلیم، س.پ، ل٤١٨.**

**(٣) عبدالخالد صابر، س.پ، ل٨٢.**

**(٤) ئەحمەد ئەمین سەلیم، س.پ، ل٤٥٨.**

**(٥) عبدالخالد صابر، س.پ، ل٩٤.**

دەدرێت، هەروەها باوەڕیان بە جۆرێك لێپرسینەوە هەبووە لەکاتی چوونی گیان بۆ جیهانی مردووەکان[١].

بەم جۆرە سۆمەریەکان چۆن باسیان لە جیهانی ئاسایی مرۆڤ کردووە، بە هەمان شێوە باسیان لە رۆح و مردن و بەهەشت و دۆزەخیش کردووە، وەك ئەوەی لە دەقە نوسراو و ئەفسانەییەکانیاندا بەرچاو دەکەوێت، هەر نەتەوەیەك بەرامبەر بە بەهەشت وشەیەکی بۆ داناوە، لای سۆمەریەکان وشەی ئەدن (ئەدن Eden) کە بە واتای ( دەشت – زەوی کشتەکاڵی ) دێت، سۆمەریەکان ئەو بەهەشتەیان لە دەرەوەی وڵاتەکەیان داناوە، شایەنی وتنە کە لە چەند ئەفسانەیەکدا باسی بەهەشت کراوە، لەوانە (ئەفسانەی ئنکی و ننفرساك )[٢].

(١) ئەحمەد ئەمین سەلیم، س.پ، ل٤٥٨.

(٢) عبدالخالد صابر، س.پ، ل٩٥–٩٨.

## دەرئەنجام

ئەم توێژینەوەیە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە كە ئەمانەن :

١- لە ئەنجامی ووردبوونەوە لە مێژووی سۆمەریەكان بۆمان دەركەوت كە لەگەڵ جیاوازی بیروڕا لە بارەیانەوە، بەڵام سۆمەریەكان خاوەن دەسەڵات و نیشتمان و كلتور و شارستانیەتی خۆیان بوونە و بەرنامە و ڕێكاری تایبەت بەخۆیان هەبووە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ژیانی ئاسایی خۆیان، هەروەها لە بنەماڵەی جیاجیا پێك هاتبوون و پەیوەندییان بەیەكەوە هەبووە.

٢- هەروەها دەرئەنجامێكی تری ئەم توێژینەوەیە ئەمەیە كە سۆمەریەكان هەر لە كۆنەوە گرنگی و بایەخێكی زۆریان بە لایەنی ئابووری داوە، چونكە ئابووری كۆڵەگەی سەرەكی دەوڵەتە، بۆ ئەم مەبەستەش كشتوكاڵیان كردووە بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و هەروەها بازرگانییان كردووە لەگەڵ نەتەوەكانی دەوروبەریان تاكو پەیوەندییان بەهێز بێت، و هەروەها پیشەسازیش لایەنێكی ئابووری گرنگی سۆمەریەكان بووە كە پشتیان پێ بەستووە.

٣- خاڵێكی تر لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەركەوت كە داهێنانی نووسین لەلایەن سۆمەریەكان كە لە دوای میسرییەكۆنەكان دێن گرنگی زۆریان پێداوە تاوەكو ئاشنای شتەكان بن و شارەزا بن.

٤- ئەنجامێكی تری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە كە سۆمەریەكان هەمیشە پارێزگارییان لە موڵك و ماڵ و سەروەت و سامانی میللەتی خۆیان كردووە ئەویش لە ڕێگای دروست كردنی مۆری لوولەیی كە ئەمەش دەرئەنجامێكی باشی سۆمەریەكان بووە كە وەكو شارستانیەتی خۆیان ماوەتەوە.

٥- هەروەها خاڵێكی تر ئەوەیە كە سۆمەریەكان شارەزاییان لە هونەری بیناسازی و زەقوڕە و پەرستگا هەبووە و گرنگیان پێداوە كە ئەم لایەنانەش لە دواتردا بە لایەنی شوێنەوار و شارستانیەتی گرنگ دادەنرێت، هەروەها سۆمەریەكان هەروەكو نەتەوەكان تر خاوەنی بیروباوەڕی ئایینی تایبەت بە خۆیان بوونە و پەرستگا و شوێنی تایبەتیان هەبووە بۆ لایەنی ئایینی و هەروەها ژمارەیەكی زۆری خوداوەندییان هەبوو بۆ هەر مەبەستێك خوداوەندێكیان داناوە.

## ليستى سەرچاوەكان

### سەرچاوە كوردييەكان :


١. ئەحمەد ئەمين سەليم: مێژووى كۆنى ميسر و عێراق، و: فەيسەل خەليل، چاپخانەى رۆژهەلاَت، (هەولێر-٢٠١٤).

٢. ئەرنۆلد تۆينبى : مێژووى مرۆڤايەتى، و: دلَشاد مستەفا وەسانى، چاپخانەى ڕۆژهەلاَت، هەولێر، ٢٠١٠.

٣. ئيزاك ئاسيمۆڤ و فرانك وايت، مێژووى شارستانيەت، و:حاميد گەوهەرى، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

٤. دان ناردۆ : ئيمپراتۆريەتى ئاشور ، و : فەرهاد عزيز خۆشناو ، چاپخانەى وەزارەتى ڕۆشەنبيرى ، هەولێر.

٥. دەنيا و ئيدۆن، ڕێبەرێكى خێرا و ئاسان بۆ مێژووى جيهان، و: جێگر سەلام، چاپخانەى چوارچرا، ٢٠٠٩.

٦. سالَح قەفتان : سىٚ لێكۆلَينەوەى مێژوويى ، چ١ ، چاپخانەى دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، سلێمانى ، ٢٠٠٩ .

٧. عبدالخالد صابر : سۆمەريەكان ( مێژوويان – شارستانەتيان – كۆتاييان ) ، چاپخانەى شڤان ، سلێمانى ، ٢٠٠٩.

٨. عبدالله ئۆج ئالان : لە دەولَەتى ڕاهيبى سۆمەرەوە بەرەو شارستانيى ديموكراسيانە ، و: لوقمان عبدالله ، چاپخانەى گەنج ، ٢٠١٠ ، ب١ .

٩. عومەر ئيسماعيل مارف : تۆمارەكانى مێژوو ، چاپخانەى بينايى ، سلێمانى ، ٢٠١٣ .

١٠. كەلسومە جەميل :مێژووى دێرينى كورد ، چاپخانەى ڕۆژهەلاَت ،هەولێر ، ٢٠١٢ .

١١. كەلسومە جەميل عبدالواحد : مێژووى كۆنى ڕۆژهەلاَتى نزيك ، چ ٢ ، چاپخانەى نوسينگەى تەفسير ، هەولێر ، ٢٠١٥.

١٢. محەمەد مەحمود مەندەلاوى : مێژوو و شارستانيەتى كورد ، و : محەمەد وەسمان ، چاپخانەى دار المعرفه ، بيروت ، لبنان ، ٢٠١٢ .

١٣. محمود شاكر : مێژووى شارستانيەتەكان ، و : موسا محمد عبدالرحمان ، نهاد جلال حبيب الله ، چاپخانەى گەنج ، سلێمانى ، ٢٠١١ .

١٤. هاوڕىٚ باخەوان، كوردستان ... نيشتمانى يەكەمى سۆمەريەكانە، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣ز.

١٥. ویل دیورانت، مێژووی شارستانیەت، و: عەبدوڵڵای ڕەسولی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠ز.
١٦. یوسف مەجید زادە : مێژوو و شارستانیەتی میزۆپۆتامیا ، و: سەمیر حوسێن ، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠١٢ ، ب١ .

**سەرچاوە عەرەبییەکان :**

١- احمد سوسة : حضارة وادي الرافيدين بين الساميين والسومريون دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٠ .
٢- أندرى بارو، سومر فنونها و حضارتها، ت: عيسى سلمان و سليم التكريتي، ، بغداد .
٣- أنطون مورتكات، الفن في العراق القديم، ت: عيسى سلمان و سليم طه التكريتي، مطبعة الأديب، بغداد، ١٩٧٥.
٤- رضا جواد الهاشمي، أثار الخليج العربي والجزيرة العربية، ، بغداد، ١٩٨٤.
٥- ريا محسن عبدالرزاق يونس، الكتابة على الأختام الأسطونية غير المنشورة في المتحف العراقي، رسالة ماجستر، ، بغداد، ١٩٨٧.
٦- سيتون لويد، اثار بلاد الرافدين، ت: سامى سعيد احمد، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠م.
٧- طه باقر، مقدمة في الحضارات القديمة، ب.ط ، بغداد، ١٩٧٣.
٨- عبدالوهاب حمه رشيد، حضارة وادي رافدين، دار المدى للنشر، دمشق، ٢٠٠٤.
٩- فاضل عبدالواحد على، من الواح سومر الى ثوراة، بغداد، ١٩٨٩.
١٠- فرج بصمة جي : كنوز المتحف العراق ، بغداد ، ١٩٧٢ .
١١- هارى ساكز، عظمة بابل (موجز حضارة بلاد وادي الرافدين القديمة)، ت: عامر سليمان ابراهيم، جامعة موصل، ١٩٧٩.
١٢- هاشم عبدالموسوى، موسوعة الحضارات القديمة، دار المكتبة، ٢٠١٣.

**گۆڤارەکان :**

١- ئارام جەلال، داهێنان و دروستکردنی مۆری لوولەیی لەلایەن سۆمەریەکان، چاپخانەی منارە، ژ ١٠، هەولێر، ٢٠٠٩ز.

٢- ئەحمەد ئیحسان، پەیدابوونی نووسینی مێخی و قۆناغەکانی شی کردنەوەی هێماکانی، گۆڤاری شانەدەر، ژ.٨.

٣-تاهیر عوسمان، نهێنیەکانی گۆرستانی پادشایەتی ئور، گۆڤاری شانەدەر، ژ.١١، هەولێر،٢٠٠٠.

٤- چێور نامیق، میزۆپۆتامیا یەکەم شارستانیەتی کۆن، گۆڤاری واتە، ژ ١١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

**پێگە ئەلیکترۆنیەکان :**

١- www.kurdzhin.net

٢- http://books.google.iq